تخزين الطعام في السليمانية خلال القرن العشرين

كاروان عبدالرحمن محمد
Karwanrahman289@gmail.com
طالب ماجستير في قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كردستان العراق.
أ.م.د: هەستيار محمد على
Hastyar.ali@univsul.edu.iq
محاضر في قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كردستان العراق.

**الكلمات المفتاحية**: تخزين الطعام , السليمانية , القرن العشرين , الطعام , تاريخ

**كيفية اقتباس البحث**

محمد , كاروان عبدالرحمن , هەستيار محمد على, تخزين الطعام في السليمانية خلال القرن العشرين:,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
**ROAD**

Indexed مفهرسة في
**IASJ**

# Food Storage in Sulaimaniyah During the 20th Century

**Karwan Abdulrahman Mohammed**
Karwanrahman289@gmail.com
**Master's Student, Department of History, Faculty of Humanities, University of Sulaimaniyah, Sulaimaniyah, Kurdistan Region of Iraq**

**Assistant Professor Dr. Hestiyar Mohammed Ali**
Hastyar.ali@univsul.edu.iq
**Lecturer, Department of History, Faculty of Humanities, University of Sulaimaniyah, Sulaimaniyah, Kurdistan Region of Iraq**

**Keywords** : Food storage, Sulaymaniyah, 20th century, food, history

**How To Cite This Article**
Mohammed , Karwan Abdulrahman , Hestiyar Mohammed Ali ,Food Storage in Sulaimaniyah During the 20th Century ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
The history of food storage methods dates back to ancient times, with traditional techniques developed by residents of Sulaymaniyah to preserve food according to the seasons, climate, and air quality. These methods involved specific techniques and skills for storing various types of food, such as drying, freezing, or using natural cool places like caves and underground areas to prevent spoilage. This practice continued for many centuries until the invention of refrigerators in the mid-20th century. Over time, urban residents found it easier to store food using refrigeration, although initially, access to modern refrigeration equipment was limited due to high costs and availability. Importance of the study: The importance of this study is that it wants to analyze how storage,

methods and tools and show how this civilizational phenomenon existed in a city like Sulaimani and how they stored food in the seasons.
Research Method: Historical, analytical and transitional methods are used to write this research and we try to use comparative methods at times.
Research Sources: Obviously, the main source of this research consists of a series of notes and interviews that are presented at the end of the research.
Before we mention the storage of food items by the residents of the city, we must take a brief look at the water and air of the city and how the residents of the city adapt to the seasons of the year. Because the treatment of the seasons varied from season to season, this had a full impact on all spheres of human life, the dominant water and air for the city was the Mediterranean water and air in winter The temperature is low and rainy, sometimes with snow depending on the altitude. Rainfall usually starts in October and lasts until May in winter, especially in December Temperature (5-6) degrees Humidity 76%, most of the nights and days of winter, especially in 12-1-2 temperatures were below zero degrees Celsius, heavy snow and rain fell in the city, the waters were freezing and snow on the ground City banks were formed. Most of the winters, the roads were blocked and there was no traffic. This is why the winter months are February, January and July. On the contrary, the summer season is dry, without rain and hot The average temperature in summer is between 21-24 degrees Celsius in August, reaching 42 degrees Celsius in August. The humidity in August is 21% Southeast winds are the second most common, with strong local winds called thunderstorms.

الملخص

تعود طرق حفظ الطعام إلى العصور القديمة، حيث طور سكان السليمانية تقنيات خاصة لتحفظ الطعام وفقًا للفصول، والطقس، وجودة الهواء. كانت هذه الطرق تتطلب مهارات وتقنيات محددة لتخزين أنواع مختلفة من الأطعمة، مثل التجفيف، والتجميد، أو استخدام أماكن باردة طبيعية مثل الكهوف والأماكن تحت الأرض لمنع التلف. استمر استخدام هذه الطرق لقرون عديدة حتى تم اختراع الثلاجات في منتصف القرن العشرين. مع مرور الوقت، أصبح من الأسهل على سكان المدن تخزين الطعام باستخدام التبريد، رغم أن الوصول إلى أجهزة التبريد الحديثة كان محدودًا في البداية بسبب ارتفاع التكاليف وقلة توفرها. وأهمية الدراسة: تكمن أهمية هذه الدراسة في تحليل أساليب وأدوات التخزين، وبيان كيفية وجود هذه الظاهرة الحضارية في مدينة السليمانية، وكيفية تخزين الطعام فيها على مدار الفصول اما منهج البحث: استخدمنا في هذا البحث المنهج التاريخي والتحليلي والمنهج الانتقالي، مع الحرص على استخدام المنهج المقارن عند الحاجة. ومصادر البحث: يتألف المصدر الرئيسي لهذا البحث من مجموعة من الملاحظات والمقابلات، والتي ترد في نهاية البحث.

قبل التطرق إلى تخزين المواد الغذائية من قبل سكان المدينة، لا بد من إلقاء نظرة سريعة على مياهها وهوائها، وكيف يتكيف سكانها مع فصول السنة. ونظرًا لاختلاف تأثير الفصول من فصل لآخر، فقد كان لهذا تأثير بالغ على جميع جوانب الحياة. كانت مياه وهواء البحر الأبيض المتوسط هما السائدان في المدينة شتاءً، حيث تنخفض درجات الحرارة مع هطول الأمطار، وأحيانًا الثلوج تبعًا للارتفاع. يبدأ هطول الأمطار عادةً في أكتوبر ويستمر حتى مايو، وخاصة في ديسمبر، حيث تتراوح درجات الحرارة بين ٥ و٦ درجات مئوية، وتصل الرطوبة إلى ٧٦%. في معظم ليالي وأيام الشتاء، وخاصة في ديسمبر، كانت درجات الحرارة تحت الصفر المئوي، مع تساقط كثيف للثلوج والأمطار، وتجمد المياه، وتراكم الثلوج على الأرض، مما أدى إلى تشكل ضفاف رملية. في معظم فصول الشتاء، كانت الطرق مغلقة، مما أدى إلى توقف حركة المرور. ولهذا السبب، تُعتبر أشهر فبراير ويناير ويوليو أشهر الشتاء. على النقيض من ذلك، يكون فصل الصيف جافًا وحارًا، حيث تتراوح درجات الحرارة بين ٢١ و٢٤ درجة مئوية في أغسطس، وتصل إلى ٤٢ درجة مئوية في أغسطس. وتبلغ نسبة الرطوبة في أغسطس ٢١%. وتُعد الرياح الجنوبية الشرقية ثاني أكثر أنواع الرياح شيوعًا، مصحوبة برياح محلية قوية تُعرف بالعواصف الرعدية.

## گەنجینەکردنی خواردن لە شاری سلێمانی لە سەدەی بیستدا:


**کاروان عبدالرحمن محمد**

**خوێندکاری ماستەر لە بەشی مێژوو کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ،هەرێمی کوردستان عێراق .**

Karwanrahman289@gmail.com

**پ.ی.د: هەستیار محمد علی**

**مامۆستا لە بەشی مێژوو کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ،هەرێمی کوردستان عێراق .**

Hastyar.ali@univsul.edu.iq



پوختە

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر چۆنێتی گەنجینەکردنی خواردن بەپێی وەرزەکانی ساڵ و ساردی و گەرمی  ئاوهەوا لەلایەن دانیشتوانی شاری سلێمانیەوە، گەنجینەکردن شێوازو سەلیقەو لێزانینی تایبەتی پێویست بووە ، بۆهەربەروبومێکی خۆراکی جۆرێک لە گەنجینەکردن و شێوازی هەڵگرتن هەبووە بۆنمونە خوێ یەکێک بووە لەو ماددانەی وەک ڕێگایەک بەکارهێنراوە بۆ پارێزگاریکردن لەو بەروبومە خۆراکیانە جا ئەگەر بە رێگای وشککردنەوە بوبێت یاخود هەڵگرتنیان بوبێت بە تەڕی هەروەها بۆتێکنەچون و خراپ نەبونی ئەوبەرهەمانە لەوەرزی گەرمای هاویندا لەشوێنی فێنک و چاڵی گڵ لەنێو گۆزەدا هەڵگیراون ئەم شێوازە لە گەنجینەکردن و هەڵگرتنی بەروبومە خۆراکیەکان بەشێوەیەکی فراوان درێژەی کێشا  تاکو پەیدابوونی  ئامێری بەفرگر لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا ، لەدوای ئەوە دانیشتوانی شارەکە وردە وردە گەنجینەکردنیان ئاسانتر بوو بەهۆی خستنە نێو بەفرگرەوە هەرچەندە بە خێرای وبە تەواوەتی خەڵکی

پشتی نەکردە گەنجینەکردنی بەروبومە خۆراکیەکان بەشێوازی کۆن ئەویش بەهۆی کەم دەراوەتی و نەتوانینی کڕینی ئەو ئامێرە بەفرگرانەوە .
وشەی سەرەکی : هەڵگرتنی خۆراک، سلێمانی، سەدەی بیستەم، خواردن، مێژوو

**پێشەکی :**

کوردستان بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان، لانکەی شارستانییەت و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ و چاندنی کشتوکاڵ بووە، دۆزینەوە شوێنەوارییەکان لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان دەرخەری ئەو ڕاستیەن، بەتایبەت چاندنی کشتوکاڵ، کە ئەمەش لە کۆنەوە پێویستی بە چەندین جۆر کەرەسە و پێداویستی سەرەتایی بەرهەمهێنان و چاندن و دوورینەوە و هەڵگرتن بووە، ئەمەش وایکردووە مرۆڤ بیر لە شێوازەکانی هەڵگرتنی بەرهەمهاتووەکان و بەرووبوومەکان بکاتەوە، کە گرینگترین شێوازی هەڵگرتن بریتی بووە لە گەنجینەکردن، کە ئەویش بەمەبەستی هەڵگرتنی بەروومەکان لە شوێنێکی تایبەت، کە تێک نەچن و لەکاتی پێویست بوونیدا بە کەڵکی خواردن و بەکارهێنان بێت، ئەمەش پێویستی بە سەلیقە و لێهاتوویی و دەسترەنگینی تایبەت بووە، کە مرۆڤ بە ئەزموون و تاقیکردنەوە فێری بووە، شاری سلێمانیش لەدوای دروست بوونییەوە وەک هەر شار و ئاوەدانییەکی تری ئەم جیهانە، شێوازی تایبەتی خۆی لە خواردن و چۆنییەتی دروستکردنی و پاشان گەنجینەکردنی بەرووبوومە خۆراکییەکان هەبووە، هەربۆیە بە پێویستمان زانی بۆ زانینی چۆنییەتی شێوازی گەنجینە کردن و هەڵگرتنی خواردنەکان ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین.

کێشەی توێژینەوە:- دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی هەرتوێژینەوەیەك، هەربۆیە دەستنیشانکردنی گرفتەکان و دارشتنیان هەنگاوێکی گرنگی پرۆسەی توێژینەوەیەو سەربەنێکە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو کارەکانی دواتر بنێن، کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دیاردە شارستانییەکانی وەکوو لایەنی جلوبەرگ و خواردن و چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی سەرچاوە و بەڵگەنامەی پێویست لەبارەیانەوە کەمە، هەروەها ئەم دیاردانە تاوەکوو ئێستا کەمترین توێژینەوە و نووسین لەبارەیانەوە نووسراوە، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیەش ڕووبەڕووی کەمی بەڵگەنامە و زۆرتر پشت بەستن بە سەرچاوەی زارەکی و یاداشت دەبێتەوە.

گرینگی توێژینەوەکە: گرینکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دەیەوێت چۆنیەتی گەنجینەکردن و شێوازەکانی و ئامرازەکانی شی بکاتەوە و دەری بخات، کە چۆن لەشارێکی وەکوو سلێمانیدا ئەم دیاردە شارستانییە هەبووە و لە وەرزەکانی ساڵدا چۆن خواردنیان گەنجینە کردووە، هەربۆیە توێژینەوەکەمان ناونا( گەنجینەکردنی خواردن لە شاری سلێمانی لە سەدەی بیستدا).

میتۆدی توێژینەوە : بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی مێژوویی و شیکاری و ڕاگواستن دەبەسترێت و هەوڵ دەدەین لە هەندێك کاتیشدا سوود لە میتۆدی بەراوردکاری وەربگرین.

سەرچاوەکانی توێژینەوەکە: دیارە سەرچاوەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێك دێت لە کۆمەڵێک یاداشت و چاوپێکەوتن کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو.

بەر لەوەی ئاماژە بە گەنجینەکردن و شێوازی هەڵگرتنی کەرەستە خۆراکییەکان بکەین لەلایەن دانیشتوانی شارەکەوە، پێویستە سەرنجێکی کورت بخەینە سەر ئاوو هەوای شارەکە و چۆنیەتی خۆگونجاندنی دانیشتوانی شارەکە لەگەڵ وەرزەکانی ساڵدا، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ

وەرزەکانی ساڵ لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر جیاوازبووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر گشت کایەکانی ژیانی مرۆڤ هەبووە، ئاو و هەوای زاڵ بۆ شارەکە ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست بووە[١] لە زستاندا پلەی گەرما تێیدا نزم و باراناوییە و هەندێك جار بەفریش بە گوێرەی بەرزی و نزمی ناوچەکان لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بە گشتی بارانبارین لە مانگی تشرینی یەکەم دەست پێدەکات و درێژدەبێتەوە بۆ مانگی ئایار لە زستاندا[٢]، بە تایبەتی لە مانگی کانوونی دووەم پلەی گەرمی (٥-٦) پلەیە ڕادەی شێ ٧٦%[٣]، زۆربەی شەو و ڕۆژەکانی زستان بە تایبەت لە مانگی ١٢-١-٢ پلەی گەرمی لە ژێر سفری سەدیدا بووە[٤]، بەفر و بارانێکی زۆر لە شارەکەدا باریوە ئاوەکان دەیبەست و چلورە لەسەر گۆشە بانکانی شار دروست دەبوون زۆربەی زستانەکان ڕێگا و بانەکان گیراون و هاتوچۆ نەماوە هەر ئەمەش بووە کە لە ڕیزبەندی ناوی مانگەکانی زستان بەفرانبار و ڕێبەندان و سەرماوەز هەیە[٥]، بە پێچەوانەوە وەرزی هاوین ووشك و بێ باران و گەرمی مام ناوەندە تێکڕای پلەی گەرمی لە هاویندا بە نێوان (٢١-٢٤) پلەیە لە مانگی ئابدا دەگاتە (٤٢) پلە ڕاددەی شێ لە مانگی ئابدا (٢١%)[٦]ە، سەبارەت بەو بایەش کە هەڵدەکاتە سەر شارەکە دوو جۆرە بای باکووری خۆرهەڵات بە پلەی یەکەم دێت و بای باشووری ڕۆژهەڵات بە پلەی دووەم دێت، وێرای بوونی بایەکی توند و بەهێزی ناوخۆ کە پێی دەوترێت(ڕەشەبا)[٧].

لە سۆنگەی ئەم شێوازە لە کەش و هەوای شارەکەدا ئاماژە بە شێوازی گەنجینەکردن و خۆ ئامادەکردنی مادده خۆراکیەکان و دانیشتوانی شارەکە لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە دەکەین لەوانە:-

**باسی یەکەم**

**دانەوێڵەکان:**

سەبارەت بە بەروبومی کشتوکاڵی ووشکە کە لە هاویندا هاتوونەتە بەرهەم وەك (گەنم و جۆ و نیسك و نۆك و ماش....هتد) ئەم بەرهەمانە لە هاویندا هەڵگیراون بۆ وەرزی زستان ئەویش بە چەندین شێواز و ڕێگای جیاواز لەوانە ئەو ناوچانەی کە لە قەراخ شار بوون وەك زەوییەکانی خوار گەڕەکی جووەکان و زەوییەکانی خوار سەرشەقام و چوارباخ و خوار وڵووبە و قەرەتۆغان و ئابڵاخ لە بەشی سەریشەوە زەوییەکانی مەڵکەندی کاتێك دەکرانە گەنم و جۆ دەهاتنە بەرهەم و دەدوورانەوە و پاشان گێرە دەکران و بەرهەمەکە دەکرایە (ڕەشکە)[*]وە و بۆ شوێنی مەبەست دەگوێزرایەوە و دەکرایە فەردەوەو هەڵدەگیرا[٨]، یاخود دەکرایە شوێنێکی تایبەت کەپێی دەوترا (هیزرە) ئەمیش بەو جۆرە دروست دەکرا ، ژوورێکی گەنجینەیان دەکردە چەند حەوزێك هەر یەکێك لەو حەوزانەیان بەرزدەکردەوە بە قور تاکو سەقفی خانووەکە لە بەشی خوارەوەی حەوزەکەدا کونێکیان دەهێشتەوە لە بەشی سەرپشەوەدا واتە لە سەقفەکەوە کونێکیان تێدەکرد لەوێوە بەرهەم و دانەوێڵەکەیان تێدەکرد، دواتر جوان سەرەکەیان دەنایەوە هەر کاتێکیش پێویستیان پێ بوایە لەو بەشەی خوارەوە کە وەك دەرگایەکی

بچووك دەهێڵرایەوە گەنم و جۆی پێویستیان لێ دەردەكرد و سەرەكەیان قەپات دەكردەوە، ئەم هیزرەیە هێندە قەبارەی گەورە دروست دەكرا كە نزیكەی ٢٠ فەردە گەنم یان جۆی دەگرت[٩].

جۆرێكی دیكەی هەڵگرتنی دانەوێڵەكان بە شێوەی لە چاڵ نان بووە، واتە چاڵێكی ٢ بۆ ٣ مەتریان هەڵدەكەند و چاڵەكەیان بە قور و كا جوان سواخ ئەدا ئینجا چین چین گەنم یان جۆیان تێدەكرد لەگەڵ هەر چینێك لەوانە ئەملا و لاكەی كای پێوە دەكرا ئەمەش لەبەر ئەوە بوو كاكە بە قەراغی دیواری چاڵەكەوە ناوەستێ ،دواتر كە پر دەبوو لە بەشی سەرەوەی گژوگیایان دەدا بەسەریدا بە تایبەتی (بەلەك)* یاخوود (قەڕەم)* لەدوای ئەوەش گڵیان دەدایەوە بەسەریدا و هاوشێوەی گومەزێك بە شێوەیەكی قۆقزیان لێ دەكرد واتە وەك خودەیەكی عەسكەری ئینجا جوان گڵەكەیان دەكوتا بۆ ئەوەی ئاوی باراناوی پێوە نەوەستێ[١٠]، جێی ئاماژەیە ئەم گەنمە دەتوانرا بۆ ماوەی(٢-٣) ساڵ هەڵبگیرێت لەگەڵ باران بارینیشدا گڵەكەی سەری دەكوترایەوە لە ترسی تكەكردنی باراناو[١١]، عەمباركردنی دانەوێڵە و كردنە چاڵەوە زیاتر بەهۆی ژیانی پر چەرمەسەری و قات و قڕی و نەبوونی و گرانی زۆری نێو كوردستانەوە بووە، لەبەر ئەوە هەموو ساڵێك كاتێك دانەوێڵە دەفرۆشرا زیاتر دانەوێڵە عەمباركراوەكان دەفرۆشرا و خەلە و خەرمانی ساڵی نوێ دەكرایە چاڵ[١٢]، هەڵگرتنی گەنم لە نێو چاڵدا لە دوای جیاكردنەوەی ئەو بەشە دێت كە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵكی خۆیان بەكاری دێنن[١٣]، بە گشتی ئەو بەشەی دیكە كە جیا دەكرایەوە بۆ ژیانی ڕۆژانە و بەردەستی دەكرایە نێو (كەنو)* وەوە كەنوو بە شێوەیەكی گشتی لە زۆربەی ماڵەكانی نێو شاردا هەبووە هەمیشە بەكارهێنراوە بۆ هەڵگرتنی بەرهەمی دانەوێڵەی گەنم و چەڵتووك[١٤]، ئەمەش لە وەرزی پایزدا ئامادەسازی بۆ دەكرا و هەڵدەگیرا بۆ زستان لە كاتی پێویستیدا پری پێویست گەنمی لێ دەردەهێنرا و دەبرا بۆ ئاش بۆ ئەوەی بكرێتە ئارد و لە چەڵتووكەكەشی پری پێویست لە ئاش كرە دەكرا و دەهێنرایەوە[١٥]، هاوڵاتی ڕووناك فەرەج ئاغا دەڵێت ((ماڵی ئێمە ساڵانە بە جارێك ١٠ بۆ ١٢ فەردە گەنممان دەهێنا لە دوای شتنەوەی ئینجا تەتەڵە و بێژنگ دەكرا هەرچی پووش و پەڵاش هەبوو لێمان دەگرت و دەمانكردە كەنووەوە یان دەمانكردە فەردەی خەت سوور و خەت سەوزەوە، هەروەها چەڵتوكیش هێڵەكی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ بێژانەوە، بەڵام ئەو هاوشێوەی گەنم نەدەشۆرایەوە))[١٦] ،بە شێوەیەكی گشتی هەڵگرتنی گەنم و جۆو و چەڵتووك لە (هیزرە)دا لای ئەو ماڵانە بوو كە زیاتر بە كاری كشتوكاڵ خەریك بوون[١٧] بە هەمان شێوە لە چاڵنانی دانەوێڵەی وەك گەنم و جۆش هەر لای ئەو ماڵانە باو بووە،[١٨] بەڵام هەڵگرتنی گەنم و چەڵتووك و پاقلەمەنیەكانیش ئەگەر زۆربوویێت لە كەنوودا بە ڕێژەیەكی بەرچاو لە نێو ماڵەكانی دانیشتووی شاردا باو بووە[١٩].

ساوەر یەكێك بووە لەو بەرهەمانەی كە لە گەنم ساز و ئامادە دەكرا خەڵكی هەر لە پایزدا گەنمی ڕەش گوڵیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەكرد



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

و پاش پرۆسەی بە ساوەرکردنەکەی لە نێو کەنودا هەڵدەگیرا بۆ وەرزی زستان، چونکە یەکێك بووە لە خواردنە سەرەکیەکانی ئەو وەرزە[٢٠]، هەروەها پاقلەمەنی و ساوەر و پرۆێشیان زۆرکات لە کولەکە بارەکەودا هەڵدەگرت ئەویش پاش ئەوەی بەشی سەرەوەی کولەکەکەیان دەبڕی و ناوەکەیان هەڵدەکۆڵی دواتر بەکاریان دەهێنا بۆ هەڵگرتنی ئەم پێویستیانە، چونکە ناوەکەی هاوشێوەی گڵێنەی لە قور دروستکراو فێنکە و لە هەموو وەرزەکانی ساڵ خۆراگرە و خواردن تیایدا تێك ناچێت[٢١]، زۆرجار ئەم کولەکەیە جگە لە خواردن لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت و کاری هونەری زۆر تێدا ئەنجام دەدرا[٢٢]، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وەك قەفەزێك بۆ ڕاگرتنی بارەکەو سوودی لێ وەردەگیرا هەر لەبەر ئەوەشە پێی دەوترا(کولەکەی بارەکەو)[٢٣]، سەرباری ئەوەش ئەم پاقلەمەنیانە لە هەندێك ماڵ دەکرانە کیسەی قوماشی خامەوە و لە ژووری گەنجینە هەڵدەگیران، چونکە کیسەی خام فێنك و توانای هاتوچۆکردنی ئۆکسجینی هەبوو لەگەڵ ئەمانەشدا پاقلە و ماش و فاسۆلیا هاوشێوەی گەنم و چەڵتووك یان ساوەر هەڵنەدەگیران، چونکە ئەگەر شوێنیان زۆر فێنك نەبوایە مێش لێی دەدان و کەڵکی خواردنیان نەدەما[٢٤].

سەبارەت بە هەڵگرتنی نانی تیری لە ڕابردوودا نان دەکرایە سەبەتەوە کە بەرزی ئەو سەبەتەیە ٢ مەتر یان مەترونیوێك دەبوو کە بە شێوەی تەنوورێك دروست دەکرا لە شوڵی داری و سەری سەبەتەکە یەك مەتر پان بوو پاش ئەوەی نانەکەیان بە سەفتە دەکردە ناوی، ئینجا بە چەند پەتێك قایم دەبەسترایەوە بە دارەڕای سەقفی ژووری گەنجینەکە، بەڵام بەر لەوەی هەڵبواسرێت پارچە لەوحێکیان وەك سەرقاپ بۆ دروست دەکرد کە لە ناوەڕاستی ئەو سەرقاپەدا کونێکی تێدابوو پەتەکەیان دەهێنایە دەرەوە و بە دارەڕای سەقفی ژوورەکەوە هەڵدەواسرا ئەویش بۆ ئەوە بوو تا مشك یان هەر زیندەوەرێکی دیکە نەچێتە نانەکەوە و پیسی نەکات[٢٥].

**باسی دووەم**

**سەوزەواتەکان:**

لە ڕابردوودا وا باوبووە کە سەوزەی بەر چێشت و شلە و سەوزەکانی دیکە کە بۆ بواری خۆراکی بەکاردەهاتن لە ناو ماڵدا لە کاتی پێگەیشتنی و زۆربوونیاندا ووشك دەکرانەوە و هەڵدەگیران بۆ وەرزەکانی دیکە بە تایبەتی وەرزی زستان و سەرەتای وەرزی بەهار، چونکە لە بازاڕدا دەستنەدەکەوتن ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تەواوی سەوزەکان بۆ ووشککردنەوە و هەڵگرتن گونجاوبن، هەر جۆرە سەوزەیەکیش بە شێوە و ڕێگای جیاواز ووشککراوەتەوە و هەڵگیراوە[٢٦] بۆ نموونە گەڵامێو بە ووشکی هەڵدەگیرا[٢٧]، ئەویش پرۆسەکەی بەوجۆرە بوو کە سەرەتا ئاویان دەکوڵاند و گەڵاکەیان لە ئاوە لەکوڵەکە هەڵدەکێشا ئینجا ڕایان دەخست تا هەوا لێی دەیا خەریك دەبوو ووشك بێتەوە، ئینجا زۆر بە کەمی خوێیان لێ دەدا و دەیانکرد بە پەتەوە و هەڵیان دەواسی تاکو بەتەواوی  ووشك دەبووەوە، بێگومان بەکارهێنانی خوێکە بۆ ئەوە بوو تا کەڕوو نەکات لە دوای ووشك

بوونەوە پێویست بوو لە شوێنێکی فێنك هەڵبواسرێت و بەر هیچ نەکەوێت بۆ ئەوەی وورد نەبوایە، ئەم گەڵایە لە وەرزی بەسەرچونیدا بە تایبەتی جارێکی دیکە دەیانکردە ئاوی لە کوڵ نەرم و جوان دەبۆوە وەك تازەی لێ دەهات چێشتی یاپراخیان پێ دروست دەکرد[٢٨]، هاوڵاتی محەمەد مەردان دەڵێت(( پیرەمێردی شاعیر ئەم گەڵایەی بەم جۆرە هەڵدەگرت تاکو ڕۆژی جەژنی نەورۆز، چونکە لەو ڕۆژەدا یاپراخیان لێ دەنا و دەیانبەخشیەوە بەسەر ئەو خەڵکانەی کە لە گردی مامە یارە بەشداری فیستیڤاڵی جەژنی نەورۆزیان دەکرد هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەمتر لە یاپراخی سڵق لەو ڕۆژەدا چێشتی پێ دەکرا، بەڵام وەك ئاماژەیەك بۆ هاتنی وەرزی بەهار دەبوایە ئەگەر مەنجەڵێکیش بێت بپێچرایەتەوە و ئامادەبکرایە بۆ ئەو ڕۆژە[٢٩])).

هەرچی سەوزەکانی دیکەی وەك قەزوان و بنەوشە وەك دوو بەرهەمی درەختی دارەبەن لە وەرزی بەهاردا دەڕنران و لەبەر خۆر لەسەر حەسیر ڕایان دەخست و ووشك دەکرانەوە لە شوێنی فێنکدا لە نێو تورەکەی خام هەڵدەگیرا[٣٠]، هەرچی سەوزەکانی وەك شویت و کەرەوز و نەعنا و مەعدەنووس و تەرخوون و جاترە و پەڵپینە و تەرەپیاز هەبوو هەرماڵە و بە پێی پێویستی خۆی ووشکی کردونەتەوە [٣١] ، بەڵام چاکتر وابووە ئەم سەوزانە بە گشتی لەبەر سێبەردا ووشکبکرێنەوە دواتر هەموویان لە تورەکەی خامدا هەڵدەگیران لە ژوورێك پێیان ئەووت گەنجینە[٣٢] هاوڵاتی ڕوناك فەرەج ئاغا دەڵێت(( ئێمە زۆرجار پێمان دەووت پشت هەیوان، چونکە ئەم خواردنانە لە ژێر خان هەڵدەگیران کە دوو ژوور بوو لە تەنیشت یەك و بەر هەیوانێکیان لەبەردەمدا بوو ئەم ژوورە پەنجەرەیەکی هەبوو لەسەر هەیوانەکە و دیوارەکانی ئەو ژوورە زۆر ئەستوور بوون لەگەڵ دروستکرابوون بۆیە زۆر فێنك بوون، هەندێك ماڵی دیکە خانووەکەیان دووقات بوو ئەم ژوورەی کە پێیان دەووت ژێرخان لەبەشی خوارەوەی خانووەکەدا وەك ژێر زەمین بوو[٣٣])).

سەبارەت بە ووشککردنەوەی سەوزەکانی دیکەی وەك باینجان و کولەکە و تەماتە ئەمانیش قاش قاش دەکران و لەسەر تەیکە ڕادەخران یاخوود دەکران بە پەتەوە و کەمێك خوێیان لێ دەدا بۆ ئەوەی کەڕوو نەکەن ،بە گشتی تەماتە دەکرا بە پەتەوە و هەندێ جار دەنرایەوە[٣٤]، بەڵام باینجان و کولەکە زیاتر دەکران بە پەتەوە بەتایبەتی باینجانەکە خوێیان لێ دەدا تاکو ئەو تاڵاوەی کە هەیەتی بچۆڕێتەوە[٣٥]، ئینجا دوای ووشکبوونەوەی لە پەتەکە دەکرانەوە یان کۆ دەکرانەوە لە تورەکەی خامدا یان لە نێو کولەکەی باڕەکەو لە ژووری گەنجینە هەڵدەگیران[٣٦]، بامێ هاوشێوەی باینجان دەکرا بە پەتەوە هەڵدەخرا هەتا ووشك دەبۆوە دەخرایە توورەکەوە و هەڵدەگیرا یان هەندێك جار هەر بە پەتەکەوە دەمایەوە بە دارەڕای ژووری گەنجینەوە هەڵدەواسرا[٣٧]، هەروەها پاقلە لە بەهاراندا ووشك دەکرایەوە وفاسۆلیای تەڕیش دەجنرا و لەسەر (تەیکە)* ووشك دەکرانەوە [٣٨]، لە ڕابردوودا زۆرجار تەماتە بە ڕێگەیەکی جیاواز بێ ئەوەی وشك بکرێتەوە گەنجینە دەکرا تاکو



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

ناوەڕاستی چلەی زستان دەمایەوە ئەویش ئەوە بوو لە کۆتایی پایز پێش ئەوەی سەرمای زۆر بێت تەماتەی کاڵ و نەگەیویان لە پەرەکان دەکردەوە و لە ژوورێکدا هەرچی چاك بوو نەشکابوو لە ناو کا یاخوود لە ناو (بەڵم)* دایان دەنا لە نێوان ٢٠-٢٥ ڕۆژ وورده وورده لە بەرەوە تەماتەکان بەرودوای یەك سوور دەبوون بەم شێوەیەش بۆ ماوەیەکی زۆر بە تەڕی تەماتەیان هەڵگرتووە[٣٩]، هاوڵاتی فەرهاد تاهر دەڵێت (( ئێمە لە کۆتایی هەشتاکانیش کە دوکانمان هەبوو لە عەلوەی سلێمانی ئەم ڕیگایەمان دەگرتە بەر هەرچی تەماتەی کۆتایی وەرزی پایز هەبوو پێش ئەوەی شەختەی زستان لێی بدات و خراپ بێت لێمان دەکردەوە ئەوانەی چاك و ساغ بوایە لە ژوورێکدا حەوزێکمان دەکرد و بە ڕێکی دامان دەنا بەڵممان دەدا بەسەریدا، چونکە بەڵم گەرمە و بەو گەرمایەش تەماتەکە پێدەگەیشت لە ماوەی ٢٠ بۆ ٢٥ ڕۆژدا دوای ئەوە وورده وورده ئەوەی پێ ئەگەیی دەرمان دەهێنا و دەمانفرۆشت ئەوەشی پێنەگەیبوو جارێکی دیکە دەمانخستەوە ژێر بەڵمەکەوە تا وورده وورده هەمووی پێدەگەیشت بەم ڕێگایە بۆ ماوەیەکی زۆر تەماتەمان لێ نە دەبرا تەنانەت دەتوانم بلێم نرخیشی دووقات و سێ قات گرانتر بوو لە چاو ئەوتەماتەیەی کە لە وەرزی خۆیدا پێدەگەیشت[٤٠]، سەرەڕای ئەوەش لە بەرهەمی تەماتە دۆشاویشی لێ دروست دەکرا، چونکە لە ساڵانی پێش شەستەکاندا دۆشاوی تەماتە خۆماڵی بوون[٤١] بە گشتی دانیشتوانی شاری سلێمانی دۆشاوی تەماتەیان دروست دەکرد ئەویش بە سێ ڕێگا :

**ڕێگای یەکەم:**

دوای ئەوەی تەماتەکە دەشۆرایەوە و دەجنرا لە تەشتی گەورەی مس یاخوود فافۆن خوێیی پێوە دەکرا و هەڵیان دەفلیقاند و سەریان دەنایەوە تاکو بەیانی تەماتە هەڵفلیقاوەکەی نێو تەشتەکەیان ئەکرد بە سەبەتەیەکدا کە لە شوڵی دار دروستکرابوو دواتر تڵپەکەیان لێ جیا دەکردەوە ئاوی تەماتەکەیان لە مەنجەڵێکدا دەنایە سەر ئاگرێکی هێواش تا خەست دەبووەوە پاشان دەیانکردە سەر سینی بۆ ماوەیەکی کەم لەبەر هەتاو دایان دەنا تا ئامادە دەبوو ،لەدوای ئەوەش دەکرایە کوپەی شینەوە و هەڵدەگیرا[٤٢].

**ڕێگای دووەم:**

هەمان پرۆسەی پێشوو بوو بەڵام نەیان دەکوڵاند بەڵکو تەنیا تڵپەکەیان لێ جیا دەکردەوە ئاوەکەیان دەکردە سەر سینی و لەبەر هەتاو بەتایبەتی لەسەر سەربانەکان هەڵدەخرا تا خەست دەبووەوە[٤٣].

**ڕێگای سێیەم:**

دوای ئەوەی تەماتەکەیان دەفلیقاندەوە ئاوەکەیان دەگرت دەیانکردە تورەکەی خامەوە و هەڵیاندەواسی لە حەوشە یان لە شوێنێك دەبوایە هەتاو لێی نەدایە تاکو ئاوەکەی دەچۆڕا خەستاوەکەیان دەکردە تەشتەوە و دەیانخستە بەر هەتاو تا خەست دەبووەوە هەڵیان دەگرت، بۆ بەکارهێنانیشی دەبوایە بە کەوچکی دار دەریانبهێنایە لە نێو کوپەکەدا،

چونکە کەوچکی مس و فافۆن بەکار نەدەهات ترسی ژەنگیان هەبوو سەرباری ئەوەش ئەو مادده خۆراکیانەی کە هەڵدەگیران هەر یەکەیان کەوچکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، ئەو کەوچکەی دۆشاوی تەماتەی پێ دەردەهات بەکارنەدەهات بۆ شتێکی دیکە[٤٤]، سەبارەت بە پیازیش هەمووماڵێك پیازی دەکردە (قوڵینە)* وە ئەگەر پیازەکە زۆر بوایە دەیانکرد ناو بەڵمەوە، چونکە سروشتی بەڵم وابوو ئەگەر پیازێك تێکچوایە ڕێگری لێ دەکرد تەشەنەبکات بۆ ئەوانی دیکە [٤٥]، دواتر لە ساڵانی هەشتاکاندا شەبەکە پەیدابوو دەکرایە شەبەکەوە ئەو شتەی پیازی تێدا هەڵدەگیرا پێویست بوو هەمیشە هەواگۆڕکێی تێدا بکرایە لە شوێنی فێنك و ووشك دابنرایە[٤٦] هاوڵاتی قادر سلێمان دەڵێت(( لە ساڵانی پەنجاکاندا لە بەغدادەوە پیازی مەحمودیەم دەهێنا لە جادەی کاوەی ئێستا بەری لای سینەما دڵشادی ڕابردوو مەخزەنێکی گەورەمان هەبوو کە دوکان دوکان کرابوو یەکێك لەو دوکانانەم گرتبوو بە کرێ کاتێکیش ئەو پیازانەم کڕی بۆ ئەوەی خراپ نەبێت چەکەرە نەکاتەوە حەسیرم لە یەزیدیەکان کڕیبوو کە ئەو کات خۆیان دەیانچنی ڕامخست لە دوکانەکەدا و هەموو پیازەکەم لەسەر بڵاوکردەوە بەمەش تا چلەی هاوین بەم ڕێگایە دەمایەوە هیچی لێ نەدەهات))[٤٧].

ترخێنە یەکێکی دیکە بوو لەو بەرهەمە خۆراکیانەی کە دانیشتوانی شارەکە بۆ وەرزی زستان ئامادەیان دەکرد و هەڵیاندەگرت ئەویش لەگەڵ هاتنی وەرزی پایز و سەرەتای پێگەیشتنی شێلم ساز و ئامادە دەکرا هەر کە ترخێنەکە پێدەگەیشت بەشێکیان بە تەڕی دەهێشتەوە و خوێیان پێوە دەکرد وەك تەڕەساز دەیانخوارد بەشەکەی دیکەی بە ڕێگای ووشککردنەوە لەبەر هەتاو هەڵدەگیرا بۆ وەرزی زستان کە ئەویش بە دوو شێوە بوو یان خریان دەکردەوە وەك تۆپ و لەسەر تەیکە دەیاننایەوە لەبەر خۆر یان بە شێوەی پانکردنەوە بە بچووکی دەیاننایەوە پاش ئەوەی کەمێ خوێی پێوە دەکرا دەیانکرد بە پەتەوە تا ووشك دەبووەوە ،ئینجا بە دارەرای گەنجینەکەوە هەڵیاندەواسی یاخوود دوای ووشکبوونەوەی لێ دەکرایەوە دەخرایە تورکەی خام و کولەکەی بارەکەوەوە و لە شوێنی ووشك و فێنك هەڵدەگیرا بۆ وەرزی زستان بەکاریان دەهێنا[٤٨].

سەبارەت بە بەهاراتەکانیش پێویست بوو ئەمانەش لە تورەکەی خامدا و لە شوێنی فێنك هەڵگیرایە لە ڕابردوودا وا باو بوو ئەمانە بە نا هاردراوی دەبرانەوە ماڵ و لە ماڵە کاندا بە دەسکەوان دەکوترا و ووردەکران[٤٩]، هاوڵاتی ڕووناك فەرەج ئاغا دەڵێت(( لە سەرەتادا بەهارات لە شاری سلێمانی زۆر نەبوو بە ڕادەیەکی زۆریش بەکار نەدەهات تاکو لە ساڵانی هەشتاکانەوە خەڵکی زیاتر ئاشنایەتی پەیداکرد[٥٠]))، هەروەها هاوڵاتی زانا حاجی تەیب ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە کۆنەوە بەهارات لە خام و گوێنی بەن هەڵگیراوە و پێویست بووە شوێنی فێنك بێت دواتر لە ساڵانی نەوەدەکاندا دەکرایە شووشەوە، چونکە تورەکەی خام و گوێنی بەن و شوشە زۆر باشتر بوون لە قوتوی پلاستیك لە نێو ئەو سێ ماددەیەی

باسكرا زیاتر بە پارێزراوی ماوەتەوە[٥١]، هاوڵاتی بورهان ابراهیم دەڵێت(( بـەهاراتەكان ئـەگەر بە نەهاڕاوی لە شوێنی تاریك و فێنك هەڵبگیرێن زیاتر بە پارێزراوی دەمێننەوە[٥٢]))، هەروەها هاوڵاتی زانا حاجی تەیب ئاماژە بۆئەوە دەكات كە گونددنشینەكان كە دەهاتن پێیان دەگوتین ئەگەر گوڵ و گژوگیای ووشككراوتان بۆ بهێنین لێمان دەكڕن؟، ئێمەش بەو مەرجە لێمان وەردەگرتن كە دەبێت لەبەر سێبەر ووشك بكرێتەوە نابێت شوێنەكەی زۆر گەرم بێت و ئەو شتەشی لەسەری ڕای دەخەن نابێت پلاستیك بێت بەم جۆرە بەرهەمەكانمان لێ وەردەگرتن[٥٣].

## باسی سێیەم

## میوەجاتەكان:

لە ڕابردوودا بەشێكی زۆری میوەهاتەكان وەرزیان بەسەر دەچوو بۆیە خەڵكی بیری لەوە كردۆتەوە كە چەند ڕێگایەك بدۆزێتەوە تا ئەم میوەجاتانە هەندێكیان بە ووشكی هەندێكی دیكەیان بە تەڕی بهێڵنەوە بۆئەوەی لە وەرزەكانی ساڵدا بەتایبەتی وەرزی سەرما و سۆڵەی زستاندا بەكاربهێنرێن بۆ خواردن[٥٤]، لەوانە ترێ بە چەند ڕێگایەك ووشككراوەتەوە كراوەتە مێووژ بۆ شەوچەرەی زستان پێشكەشكراوە لەوانە مێوژی خۆڵاوی باشترین جۆری مێووژە زۆر نەرم و شلە بۆ خواردن لەڕووی بایەخەوە زۆر گرنگە لە كوردەواریدا زۆر جۆری ترێ دەكرێتە مێوژ، بەڵام (ترێ ڕەشی میری و ترێ شاوریی و ترێ تایەفی )باشترین جۆری ترێن بۆ ئەوەی بكرێنە مێووژی خۆڵاوی[٥٥]، بەم مێووژە بۆیە ئەوترێت مێوژی خۆڵاوی، چونكە پاش ئەوەی ترێكە بە هێشوو لێدەكرێتەوە دادەنرێـت تا هەندێك دار بەڕووی یان دارەبەنی بۆ دەسوتێنرێت تا دەبێتە خۆڵەمێش ،ئینجا خۆڵە مێشەكە دەبێژرێتەوە و دەكرێتە ئاو دەكوڵێنرێت جارێكی دیكە دەپاڵێورێتەوە تا ساردەبێتەوە پاشان هێشوو هێشوو ترێكانی تێ هەڵدەكێشرێت و دەكرێتە سەر تەیكەیەك  ودەنرێتەوە لەبەر هەتاو تا ووشك دەبێتەوە بەمەش دەڵێن مێووژی خۆڵاوی[٥٦]، جۆرێكی دیكەی مێووژ پێی دەڵێن مێوژی ڕەشۆكی یان (هەڕەمە) ئەم جۆرەیان دەنكەكەی ڕەقە و زیاتر بۆ دروستكردنی شەربەتی مێوژ بەكاردەهێنرێت، هەموو جۆرە ترێیەك دەكرێتە مێووژی ڕەشۆكی بەڵام باشترین جۆریان ترێ ڕەشە كە مێووژە ڕەشەی لێ دروست دەكرێت كە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێگەیشتنی ترێ هێشوو هێشوو لێ دەكرێتەوە لە شوێنێكی تەخت لەسەر حەسیر یاخوود تەیكە بڵاودەكرێتەوە لەبەر هەتاو بەم ڕێگایە دەوترێت (مشتاغ)*، دواتر لە ماوەی دوو حەفتەدا ووشك دەبێتەوە و ئینجا هەڵدەپروێنرێ هەرچی لاسك و چڵ و چێوەكانێتی فڕێ دەدرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێت مێوژی ڕەشۆكی یان مێووژە ڕەشە[٥٧]، مێووژی سوركە ڕەنگی مێوژەكەی سووورباوە بە هەمان شێوەی مێوژی ڕەشۆكی دروست دەكرێت بەڵام لە ترێ ڕەشكە دروست ناكرێت بەڵكو لە ترێ سوركە دروست دەكرێت[٥٨]، هەروەها كشمیش یەكێكی دیكەیە لە بەرهەمەكانی ترێ، بەڵام ئەو ترێیەی كشمیشی لێ بەرهەم

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

دەهێنرێت جۆرێکی تایبەتە و بەتەنیا هەر بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێت، چونکە ترێکەی ناوکی تێدا نیە و تامی زۆر شیرینە ترێ کشمیش دوو جۆری هەیە (شاشوپەڕە، بزمارکوت) بۆیە ئەو کشمیشەی لەم دوو جۆرەی ترێ بەرهەم دەهێنرێ چەند ڕەنگێکی هەیە وەك(قاوەیی، زەردی کاڵ، زەرد و ڕەش)، ئەم ترێیە لەگەڵ پێگەیشتنی بە هێشوو لە ڕەزەکە دەکرایەوە لەسەر حەسیر یاخوود تەیکە لەبەر خۆر بڵاو دەکرایەوە ، تا بە تەواوی ووشك دەبۆوە دوای ئەوە قنچك دەکرا و پاك دەکرایەوە لە زۆر بواری خۆراکیدا بەکاردەهێنرا[٥٩]، بە گشتی شێوازی هەڵگرتنی مێووژ لە نێو تورەکەی خام و کولەکەی باڕەکەودا بووە هەندێماڵیش لەکەنوو یان (هەمبانە)* لە شوێنێکی فێنك هەڵدەگیرا[٦٠]، ترێ تەنیا بە ڕیگەی ووشککردن و بە مێوژکردن هەڵنەگیراوە بۆ وەرزەکانی دیکەی ساڵ، بەڵکو بە چەندین ڕێگا و شێوازی دیکە و بە تەڕی هێشتویانەتەوە و پارێزگارییان لێی کردووە بۆ ماوەیەکی زۆر[٦١]، بۆ نموونە هاوڵاتی محەمەد مەردان دەڵێت(( جارێکیان محەمەد فەرەج ناسراوە بە خاڵە حەمە کە خوێندکاری پیرەمێردی شاعیر بوو بۆی گێڕامەوە کە پیرەمیرد بە ڕێگای جیاواز ترێی هەڵدەگرت ئەویش ئەوە بوو سەری لاسکی هەر هێشووە ترێیەك بۆڵە ترێیەکی پێوە دەکرد تا ئەم بۆڵە ترێیە بۆ بۆلەکانی دیکەی هێشوو ترێکە بێتە خۆراك ، کاتێک ئەو بۆڵە ترێیەی کە بە سەری لاسکی هێشووە ترێکەوەبوو خەریك بوو تەڕایی لێ دەبڕا و ووشك دەبووەوە فڕێدەدراو بۆڵە ترێیەکی دیکەی لە جێگای ئەو دەکرد بە سەری لاسکی هێشووە ترێکەوە، پاشان یەك یەك ئەم هێشووە ترێیانەی هەڵدەواسی بە جۆرێك کە هیچ کام لەم هێشوانە بەریەك نەکەون بەم جۆرە پارێزگاری لە هێشووە ترێکانی دیکە دەکرد لە ووشکبوونەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کە هەندێك جار تا ناوەڕاستی وەرزی زستان و بگرە زیاتریش دەمایەوە[٦٢]))، هەروەها هاوڵاتی ئیبراهیم سەلیم دەڵێت(( ترێمان بە دوو ڕێگا بە تەڕی بۆ ماوەیەکی زۆر دەهێشتەوە ڕێگایەکیان ئەوە بوو کە لە ژێر ڕەمێوەکەدا چاڵێکمان هەڵدەکەند پوش بوایە یان گەڵا لە ناو چڵەکەدا بڵاومان دەکردەوە و هێشووە ترێکانمان لێدەکردەوە و لەسەر گەڵاکان لە ناو چاڵەکەدا ڕامان دەخست ،ئینجا پوش و گەڵامان دەدایەوە بە سەریدا بەمەش بۆماوەیەکی زۆر دەمایەوە ڕێگای دووەم ئەوە بوو کە دوای لێکردنەوەی هێشووە ترێکان لە مێوەکە هەر هێشووە ترێیەك بۆڵە ترێکانی دەکرد بەسەری لاسکی هێشووە ترێکەوە و ،ئینجا لەسەر کەپرێك گەڵامان رادەخست و هێشووە ترێکانمان دەنایەوە و گەڵاکانمان دەدایەوە بەسەریدا بەمەش تا سەرما و سۆڵەی زستان دەمایەوە[٦٣]))، هەروەها ترێ بە ڕێگەیەکی دیکە بەتەڕی هەڵدەگیرا ئەویش بەوجۆرە بوو کە ترێ ڕەشکە خەریک بوو دوای دەهات بە هێشوی ساغ دەیانخستە ناو سرکەوە بۆماوەیەکی زۆر دەمایەوە بێ ئەوەی ببێتە مێووژ بەو جۆرە ترێیەیان وتووە ڕەنگاو یاخود ڕەنگاڵ[٦٤] ، کەریم غەفور بە جۆرێکی دیکە باس لەم شێوەی هەڵگرتنی ترێیە دەکات و دەڵێت(( لە جیاتی ترشیات ڕەنگاو بوو ، شتێک بوو وەک خۆشاوێکی مزر

لەبەینی سرکەو دۆشاوداو لە ترێ ڕەشکە دروست دەکرا ،دەکرایە ناو کوپەی گەورەو لە شوێنی سارد و فێنک دادەنرا ، بێ تریت هەر ئاو بوو تەنها ڕەشە هەرمێ و هێشوە ترێ ناسکەی یە ساغی تێدەکرا ، لە دواى شەش مانگیش وەکو تازە لە ڕەزەکە کرابێتەوە وابوو[٦٥] سەبارەت بە میوەی کاڵەك و شوتی هاوڵاتی محەمەد مەردان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات محەمەد فەرەج کە ناسرابووبە خاڵە حەمە باسی لەوە دەکرد کە پیرەمێردی شاعیر کاڵەك و شووتی و بەشێکی زۆری میوەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر بە ڕێگای جیاواز هەڵدەگرت بە تایبەتی شووتی و کاڵەك لە نێو کا هەڵدەگرت[٦٦]،مامۆستا محمد ڕەسوڵ هاواریش باسی لەوە کردووە کە پیرەمێرد کاڵەك و شوتی لە شوێنی فێنکدا هەڵدەگرت زۆرجار کە نەخۆش دڵی بۆ شووتی و کاڵەك بگەڕایە دەچوونە لای پیرەمێرد بەشی ئەو نەخۆشەیان داوا لێ دەکرد[٦٧].

یەکێکی دیکە لەو میوانەی کە زۆر خۆشەویست بووە لای خەڵکی و بایەخ و گرنگی زۆری پێدراوە هەنارە ئەویش بە ڕێگای جیاواز هەڵگیراوە هاوڵاتی ڕووناك فەرەج ئاغا دەڵێت(( من لە بیرمە مەڵکەندیەکان ژووری کایەنیان هەبوو ئەو ژوورەیان کردبوو بە چەند حەوزێك حەوزەکەیان پڕکردبوولە کا لە نێو ئەو حەوزە کایەدا هەناریان دەنایەوە بەم ڕێگایە تا وەرزی بەهار هەناریان هەبوو[٦٨]))، هەروەها لە نێو دوکانەکانی بازاڕ و ماڵەکاندا هەر بە شوڵەکەوە هەنارەکانیان بە سەقفی دوکان و دارەدای ماڵەکانەوە هەڵدەواسی بۆ ئەوەی بەر یەك نەکەون بەم شێوەیەش هەناریان هەڵگرتووە بۆ ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە[٦٩].

سەبارەت بە قۆخ و قەیسیش ئەم دوو میوەیە لەگەڵ وەرزی پێگەیشتنیاندا لێ دەکرانەوە و لە ناوەڕاستدا دوو لەت دەکرا و ناوەکەیان فڕێ ئەدا لەسەر تەیکە یان حەسیرێك لەبەر هەتاو ڕادەخران تا ووشك دەبوونەوە ،ئینجا لە نێو کەنوو یاخوود کولەکەی باڕەکەو یان تورەکەی خامدا لە شوێنی فێنك هەڵدەگیران و لە وەرزی زستان و بە تایبەتی لە شەوانی ئەو وەرزەدا وەك شەو چەرە یاخوود لەگەڵ میوەکانی دیکە بە تێکەڵی ئەکرانە خۆشاو یان بە قەیسیەکە شلەی قاورمەیان ساز و ئامادە دەکرد[٧٠]، هەروەها هەڵوژە و هەرمێش یەکێکی دیکە بوو لەو میوانەی کە لەوەرزی هاویندا ووشك دەکرانەوە و هەڵدەگیران بۆ وەرزەکانی دیکە بە تایبەت وەرزی زستان هەریەك لەم دوو میوەیە بە ڕێگای جیاواز هەڵدەگیران بۆ نموونە هەڵووژە کاتێك ووشك دەکرێتەوە لەت ناکرێت ناوکەکەی فڕێ نادرێت[٧١]، هاوڵاتی جەلال حاجی دەڵێت(( دایکم هەڵوژە قایەری دەهێنا و توێکڵەکەی لێ دەکردەوە هەر بە ساغی لەبەر هەتاو ووشکی دەکردەوە زستانان دەمانکردە بەر چێشتی شلەی ترخێنە ،چونکە تامێکی مزرو و خۆشی دەدایە[٧٢]))، هەروەها هەرمێ دوو لەت دەکرا و لەسەر تەیکەیەك لەبەر هەتاو دەنرایەوە کە ووشك دەبوەوە پێیان ئەووت لەتکە هەرمێ[٧٣]، میوەی هەرمێ جگە لەوەی بە ووشکی هەڵدەگیرا هەندێك کات بە تەڕیش بۆ ماوەیەکی زۆر هێشتویانەتەوە ئەویش بەو جۆرەی کە لەسەر کەپرێك گەڵا

پوشیان ڕاخستووە و هەندێك هەرمێیان لەسەر ئەو گەڵا و پوشە ناوەتەوە ئینجا گەڵا و پوشی دیکەیان داوەتەوە بەسەریدا بەمەش بۆ ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە، سەرباری ئەوەش میوەی هەرمێ جۆرێکیان کە پێی دەوترێت هەرمێ پایزە تا ناوەڕاسی چلەی زستان هەر بە تەڕی وەك وەرزی خۆی دەمێنێ، میوەی بەهێ هاوشێوەی هەرمێ بە دوو لەتکراوی لەبەر خۆر وشك دەکرایەوە[٧٤]، یەکێکی دیکە لەو بەرهەمانەی کە وەك بەری درەختێك ووشك دەکرێتەوە هەڵدەگیرێت بۆ وەرزەکانی دیکە بە تایبەت زستان تووە ئەم بەرهەمە لەگەڵ پێگەیشتنی دەست دەکرێت بە وەراندنی هەرچی دەنکی خراپ و تێکچووە لێی جیادەکرێتەوە و ئەوی دیکەی لەسەر حەسیریان تەیکە لەبەر هەتاو ڕادەخرێت بۆ ماوەی یەك حەفتە تا بە تەواوی ووشك دەبنەوە ،پێویستە لە کاتی نانەوەی توو دەنکی تووەکان بە یەکدا نەنووسێن یان نەکەونە سەر یەك بۆ ئەوەی هەموویان وەك یەك ووشك بنەوە[٧٥]، تەنیا تووی سپی بۆ ووشککردنەوە بەکاردێت[٧٦]، سەبارەت بە شێوازی هەڵگرتنی لە دوای ووشککردنەوەی دەکرایە تورەکەی خام یان کولەکەی باڕەکە و یان دەکرایە کەنو[٧٧]، هاوڵاتی ڕووناك جەمیل سائیب دەڵێت(( ماڵی باپیرم ژێرخانەکەیان زۆر قوڵ و فێنك بوو لەو شوێنەدا پێشیان دەووت گەنجینە هەموو جۆرەکانی میوە و سەوزەی ووشکراوی تێدابوو بە تایبەت تووی ووشك و مێووژ و ترشیات هەر یەك بە جیا لە کەنوودا هەڵدەگیرا، چونکە پورم خۆی مێوژی خۆڵاوی و تووی ووشك دەکردەوە[٧٨])) .

یەکێکی دیکە لەو میوانەی کە جێگای بایەخ بووە هەنجیرە، بەر لەوەی باس لە ڕێگاکانی ووشککردنەوەی هەنجیر بکەین پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەو هەنجیرەی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەکرێت دەبێت چەند مەرجێکی تێدا بێت چەند مەرجێکی تێدابێت لەوانە(کرمێ نەبێ، شکاو و پوچ نەبێ، باڵندە و زەردەواڵە و مێروو نەیخواردبێ، گەییبێ و شین نەبێ)، دوای ئەوەی کە هیچ کام لەم گرفتانەی نەبووئینجا بە یەکێك لەم ڕێگایانە ووشك دەکرێتەوە[٧٩].

**ڕێگای یەکەم**

**ووشککرنەوە لەسەر زەوی:**

هەنجیری گەیو دەهێنن لەبەر هەتاو لەسەر حەسیر یان تەیکە بەبڵاوی دەینێنەوە بۆ ماوەی دوو حەفتە تا ووشك دەبێتەوە، نابێت هەنجیرەکان بچنە سەر یەك یان پێکەوە بلکێن، چونکە دەڕزێن بۆیە پێویستە ڕۆژانە چاودێری بکرێت، دواتر کە ووشك دەکرایەوە لە نێو کەنو یان تورەکەی خام یان کولەکەی باڕەکە و شوێنی فێنك هەڵدەگیرا ئەمەش لە وەرزەکانی دیکە بە تایبەت لە زستاندا وەك شەوچەرە بەکاردەهێنرا بۆ خواردن[٨٠].

**ڕێگای دووەم:**

**ووشککردنەوە بە داو:**

هەنجیری گەورە دێنن بە داوی درێژەوەی دەکەن[٨١]، دەبێت داوەکە بە ناوەڕاستی هەنجیرەکە پروات و کەمێك بەینیان هەبێت بۆ ئەوەی نەڕزێن،


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەمەش بۆ ماوەی دوو حەفتە لەبەر هەتاو هەڵدەخرا[82]، و لەو ماوەیەدا ووشك دەبووەوە و کەمێ ئاردی پێوە دەکرا بۆ ئەوەی شیلەکەی نەچۆڕێتەوە ە یەکا نەنووسێ هەر بەو داوەوە هەڵدەگیرا بۆ وەرزی زستان[83]، هاوڵاتی ڕووناك فەرەج ئاغا دەڵێت(( ئێمە هەنجیرمان کاتێك ووشك دەکردەوە لە ناوەڕاستدا دەمانکرد بە دوو لەتەوە لەسەر تەیکە یان حەسیرێك دەماننایەوە پارچە خامێك یان برنجۆکێکمان دەدا بەسەریدا تا پیس نەبێ کە ووشك دەبووەوە ئینجا لە تورەکەی خام هەڵماندەگرت ، هەروەها میوەمان بە زۆری لە ژێر مەرکانە دادەنا، چونکە تکەتکی ئاوەکە کە لە مەرکانەکەوە بەردەبۆوە لەو میوانەی دەدا و فێنکی دەکردنەوە بەمەش بۆ ماوەیەکی کورت ئەم میوانە لە خراپبوون دەپارێزران[84])).

**باسی چوارەم**

**شیرەمەنیەکان(سپیایی)**

لە ڕابردوودا پێش ساڵانی شەستەکان و بەر لەوەی سەلاجە و بەرادی کارەبایی هەبێت سپیاییەکان زۆر بە کەمی هەڵگیراون یان چەند جۆرێکیان هەڵدەگیران ئەویش بە ڕێگای جیاواز بە ووشککردنەوە یان بە خوێ پارێز گاریان لێکراوە[85]، هاوڵاتی وەهاب ئەحمەد دەڵێت(( لە ڕابردوودا لە سلێمانی ماستیان ئەکردە کوپەی شینەوە و پیوی ناوسکی حەیوانیان دەکردە سەر بەشی سەرەوەی ماستەکە و لە ئەشکەوتەکان دایاناوە زستان هێناویانەتەوە و خواردویانە، هەروەها لە ساڵانی پەنجاکاندا جاری وا هەبووە لە دووکانەکاندا چەند جامێك ماست دەمایەوە و نەدەفرۆشرا ئەمانبرد بۆ لای حەمامی شێخ مارف لای حەوزی ئاوەکە تا بەیانی دامان دەنا ئینجا بەیانی دەچووین لەگەڵ دەستی خۆمان دەمانهێنایەوە بۆ دووکان، بێگومان مەبەستمان ئەوەبوو تاکو ئەو جامە ماستانە تێکنەچێ و نەترشێت، چونکە بەشی خوارەوەی کە بەتایبەت لای حەوزی ئاوەکەی زۆر فێنك بوو ئەمەش وای دەکرد ماستەکە بە پارێزراوی بمێنێتەوە، هەروەها شیر پێش ئەوەی هەوێنی بکەین کەوچکێکی چا خوێمان تێدەکرد، چونکە دوای کە ئەبوە ماست ترش نەدەبوو ئەمەش وای دەکرد زیاتر بمێنێتەوە ،تەنانەت لە ساڵانی هەشتاکاندا کە چووم بۆ حەج لێرەوە ماستم بردووە لەگەڵ خۆم بۆ ئەوەی تێك نەچێت خوێم تێدەکرد تا ٢٨ ڕۆژ هیچی لێ نەدەهات، سەبارەت بە بەرهەمەکانی دیکەی سپیایی بۆ نموونە پەنیر ئەمیش بۆ مانەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ دەکرایە ئاو و خوێوە بەڵام بەر لەوە ئاو و خوێکەیان بۆ دەکوڵاند کە سارد دەبووەوە ئینجا پەنیرەکەیان سەلك سەلك تێ دەکرد بەم ڕێگایە بەهار هەڵیان دەگرت تا زستان دەمایەوە، چونکە خوێکە پەنیرەکەی ئەپاراست لە خراپ بوون تەنانەت ئەگەر ١٠ ساڵیش بمایە لەو ئاو و خوێیە هیچی لێ نەدەهات، کاتێکیش بەکاریان دەهێنا بۆ خواردن ئەوا پێویستی دەکرد بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێك بخرایەتە ئاوی سارد تاکو ئەو تامە سوێرەی نەمایە، ئینجا دووسێ جار ئەو ئاوەیان دەڕشت و بەکاریان دەهێنا[86]))، هاوڵاتی قادر سلێمان دەڵێت((دایکم پەنیری سەلکی دەهێنا و هەردوو دیوەکەی خوێیان دەکرد ،ئینجا دەیکردە کوپەی

گڵەوە و بەبێ ئاو، بە چنگ خوێیەکی زۆری تێدەکرد هەڵیان دەگرت تا ئەو کاتەی بەرهەمە شیرەمەنیەکان کەمی دەکرد و ،ئینجا دەریان دەهێنایەوە و دەیانکردە ئاوی ساردەوە بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک ،ئاوەکەیان چەند جارێک دەڕشت و پەنیرەکەیان جوان دەگوشی بۆ ئەوەی سوێراوی پێوە نەمێنێ بەم ڕێگەیەش پەنیری سەلکیان هەڵگرتووە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئەم پرۆسەیەش بەردەوام بووە تا پەیدابوونی سەلاجە و بەڕاد[٨٧]))، بێگومان سەلاجەش لە کۆتایی پەنجاکانا چەند ماڵێکی زۆر کەم هەیان بوو لەوانە ماڵی شێخ بابە عەلی کوری شیخ مەحموود و کاک حەمەئەمین عەتار و حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا و ڕەنگە یەک دوو کەسی دیکەش هەیان بوویێت، چونکە سەلاجە نرخی زۆر گران بووە و بە نەوتیش کاری کردوە[٨٨]، بەڵام لە نیوەی یەکەمی شەستەکانەوە سەلاجە بە تەواوی دەرکەوتووە و بە کارەباش کاری کردووە هەرچەندە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو کەس توانای دارایی باش بووبێ بۆ کڕینی ئەم ئامێرە نوێ یە[٨٩]، بۆ نمونە هاوڵاتی قادر سلێمان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ساڵی ١٩٦٨سەلاجەی کڕیوە نرخەکەی بایی ٣٠٠دینار بووە[٩٠]، هاوڵاتي وەهاب ئەحمەد دەڵێت)) لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکان و نەوەدەکان خەڵک بە تەواوی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم ئامێرە نوێیە پەیدا کردووە وردە وردە خەڵکی بەرهەمە سپاییەکانیان لەباتی خوێ دەکردە نێو سەلاجە و پارێزگاریان لێ دەکرد[٩١])).

سەبارەت بە هەڵگرتنی ڕۆنی خۆماڵی بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەوە بزانین ئەو ڕۆنەی دۆشاوی توو یان ترێی تێ دەکرێت زۆر زیاتر بەرگە دەگرێت لەو ڕۆنەی بە دۆشاوی خورما خۆش دەکرێت، چونکە ئەو ڕۆنەی دۆشاوی خورمای تێدایە هەر ساڵێک بۆ دوو ساڵ بەرگە بگرێت، سەرباری ئەوەش ڕۆن هەڵگرتنی وا پێویستی دەکرد کە لە شوێنی فێنک و ووشکدا بێت ئەگەر بشکرایە لە نێو پێستەی حەیوانەکەدا (هیزە)* کە بمایەتەوە ئەوا باشتر بوو ، ڕۆن بە دوو شتی دیکە خراپ دەبوو ئەگەر کەوچکی گەرمی تێبکرایە یان هەوا لێی بدایە بە بەردەوامی ئەمە بە تەنها بۆ ڕۆنی خۆماڵی ڕاست بوو[٩٢].

هاوڵاتی جەلال دەرویش غەفور دەڵێت)) کە ڕۆنمان بۆ دەهات دایکم لەسەر ئاگرێکی هێواش گەرمی دەکرد و کەفاوەکەی سەرەوەی لێ دەگرت و فڕێی دەدا ئینجا کە سارد دەبووەوە بەهێیەک یان دوانی تیدەکرد، منیش لە دایکم دەپرسی بۆ ئەم بەهێیەی تێدەکەی ئەویش لە وەڵامدا دەیووت کورم بۆ ئەوەی بۆنی خۆش بێت ،ئینجا لە ژووری گەنجیەنەکەماندا هەڵی دەگرت[٩٣]))، هەروەها هاولاتی وەهاب ئەحمەد باس لەوەدەکات ماڵی باپیری (هیزە ڕاڵ)یان هەبووە کە لە گڵ دروستکرابوو قەبارەی زۆر گەورە بوو هیزە ڕۆنەکەیان دەکردە ناو ئەم هیزە ڕاڵەوە و دەمی کونەکەیان دەگرت و لە گەنجینەکە هەڵیان دەگرت هەر کات پێویستیان بوایە دەمی کونەکەیان لادەبرد و ڕۆنیان لێ دەردەکرد،هەروەها بۆ پارێزگاری کردن لە ڕۆن خوێشی تێدەکرا، چونکە خوێ دایکی هەموو دەرمانەکانی سپیایی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

بووە بۆ ڕێگریکردن لە تێکچوون، ڕێگایەکی دیکە بۆ پارێزگاریکردن لە بەرهەمە سپیاییەکان ووشککردنەوە بووە کە ئەویش تەنیا بۆ کەشک بەکارهاتووە، چونکە کەشک دەتوانرێت پێش ووشککردنەوەی لەبەر هەتاو بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە شوێنی ووشک و فێنک هەڵبگیرێت[٩٤]، هەرچی بەرهەمەکانی دیکەی مەڕ وماڵات هەیە وەک شیر و لۆرک و سیرێژ قەیماغ ئەمانە لە ڕابردوودا هەڵنەگیراون، چونکە هەڵگرتنیان زەحمەت بووە و بەرگەی مانەوەیان نەگرتووە بۆیە ڕاستەوخۆ فرۆشراون و بەکارهێنراون بەڵام لەگەڵ هاتنی سەلاجە و بەستەرەکاندا ئەوانیش توانراوە بۆ ماوەیەک هەڵبگیرێن و پارێزگارییان لێ بکرێت لە تێکچوون[٩٥].

**باسی پێنجەم**

**گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەر:**

لە ڕابردوودا بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا بە هۆی سەختی و کەش و هەوا و سەرما و سۆڵەوە بازاڕ زۆر بە کەمی هەبووە بە تایبەتیش قەسابخانەکان هەموو ڕۆژێک کوشتاریان ئەنجام نەداوە، لەبەر ئەوە خەڵکی بە ڕێگای جیاواز بەر لەوەی سەلاجە و بەستەرەکان هەبێت بیریان لەوە کردۆتەوە کە گۆشت هەڵبگرن بە تایبەتی گۆشتی ئاژەڵ و مەر و ماڵات لای پێکهاتەی مسوڵمانی شارەکە و تەنانەت مەسیحیەکانیش گۆشت کراوەتە قاورمە و قەلی، بەڵام لای مەسیحیەکان جگە لەو دوانەی باسمان کرد کراوەتە باسڕمە و هەڵگیراوە لە ڕابردوودا وا باو بووە خەڵکی بە پێی توانای دارایی خۆی بەرخیک یان چەند دانەیەکی هەر لە سەرەتای بەهارەوە دەکڕی و تا نزیکی پایز دابەستەی دەکرد خواردنی چاکی لە ئاو جۆی پێ دەدا تا قەڵەوبێت بۆ ئەو مەبەستە، ئینجا ئەم ئاژەڵانەیان سەردەبڕی و بە ڕێگای تایبەت دەیانکردە قاورمە[٩٦]، یاخوود قەلی و لە نێو دیزە و کوپەدا بۆ ڕۆژانی زستان هەڵیان دەگرت و دواتر بەکاریان دەهێنا[٩٧]، باسورمەش لەلایەن پێکهاتەی مەسیحیەکانەوە پاش دروستکردنی لە شوێنێکی فێنک و ووشکدا بە دارەڕای سەقفی گەنجینەکەوە هەڵدەواسرا، دواتر لە کاتی پێویست بە تایبەت لە وەرزی زستان بەکاریان هێناوە[٩٨]، لای جووەکانی شارەکەش جگە لەوەی گۆشتیان دەکردە قاورمە گۆشتی ئاژەڵی گەورەشیان ووشککردۆتەوە لە کاتی پێویستیدا بەکاریان هێناوە، چونکە جووەکان بەڕێگای جیاواز و شێوازی خۆیان کە لە ئاینەکەیان بۆیان دیاری کراوە ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتیان سەرپڕیوە ئەوەی گونجاوبووە بەکاریان هێناوە بۆ خواردن[٩٩]، هاوڵاتی ڕووناک فەرەج ئاغا دەڵێت ((ئەم دیزە و کوپانەی کە گۆشتیان تێ کرابوو لە گەنجینە هەڵدەگیرا دیواری ئەم ژوورانەش هەمووی لە خشتی قوڕ دروست کرابوو ئەستووری دیواری ئەم ژوورانە نزیکی مەتر و نیوێک بۆ دوو مەتر ئەبوو سەقفی ماڵەکانیش گڵ بوو، سەرباری ئەوەش هەندێک لە ماڵەکانیش زەوی ماڵەکەیان گڵ بووە هەر بۆیە بە فێنکی ئەمایەوە بۆنمونە جارێک چومە ماڵی حەمەغای ئەورەحمان ئاغا کە وەزیر بوو لە حکومەتەکەی شێخ مەحموود جگە لەوەش دراوسێی ئێمە بوو ماڵیان لە پشتی جادەی ئۆرزدی باک بوو ژووری


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

گەنجینەکەیان هەمووی چاڵ چاڵ کردبوو هەرچی گۆزە و دیزە بوو کردبوویانە ئەو چاڵانەوە بەڵام سەرەکەیان بە گڵ دانەپۆشی بوو دیاربوو تەنیا مەبەستیان لەو کارە پارێزگاری کردن بوو لەو شتانەی لەناو گۆزەکاندا هەبوون لە گەرمی تێکچوون[١٠٠]، هاوڵاتی جەلال دەروێش غەغور باس لەوەدەکات ژووری گەنجینەکەیان زەویەکەی گەچ و قسڵێکی زبریان کردبوو هەر کە ئاوڕشێنیان دەکرد هێندەی دیکە فێنک دەبوو[١٠١]، هەروەها ڕووناک جەمیل سائیب ئاماژە بۆئەوە دەکات لە سالانی سییەکان و چلەکاندا زستان زۆر سەخت بوو بەفر و بارانی زۆر دەباری زۆرجار هێندە بەفر دەباری سەربانی خانووەکان لەگەڵ کۆڵانەکاندا بە بەفر ڕێکدەبووەوە، باوکم بەفری سەربانی ماڵەکەمانی مۆڵ دەکرد و گۆشتی پەلەوەری بە تایبەتی قەل و مریشک و کەڵەشیری دەخستە ناو بەفرەوە تا ماوەیەکی زۆر لەوی دەمایەوە بێ ئەوەی هیچی لێبێت، چونکە لە ڕابردوودا ئاو و هەوا جیاواز بوو بۆ ماوەیەکی زۆر بەفر و سەرما دەمایەوە کە هەندێک ساڵ چەند جارێک بەفر دەباری بۆیە بەم ڕێگایەش هەڵدەگیرا[١٠٢]، هەروەها زۆرجار قەسابەکان کە گۆشتیان لێ دەمایەوە بۆیان نەدەفرۆشرا دەیانبردە لای حەوزەکەی لای حەمامی سورەت یان حەمامی شێخ مارف کە بە قادرمە بۆی ئەچویتە خوارەوە لای ئەو حەوزە ئاوە دایان دەنا، چونکە ئەو شوێنە فێنک بووە گۆشتەکە تێک نەدەچوو بۆ بەیانی جارێکی دیکە دەچوون دەیان هێنایەوە دەیانبردەوە بۆ دوکانەکانی خۆیان[١٠٣]، زۆرجار وا باو بوو خواردن لە زستاندا بە تایبەتی گۆشت شەو لە مەنجەڵێکدا لەبەر سایەقەدا سەریان دەنایەوە و لە شوێنێکی گونجاو هەڵیان دەواسی بۆ ئەوەی دەمی پشیلە و سەگ نەیگاتێ بەمەش هیچی لێ نەدەهات، چونکە شەوانی سایەقە زۆر سارد بووە[١٠٤]، هەروەها ڕووناک جەمیل سائیب دەڵێت((ماڵی باوکم ژوورێکیان هەبوو لە ژێر قادرمەی ماڵەکەدا کە پێمان دەووت ژووری بەفرەکە بۆیە وامان پێ دەگووت،چونکە سنوقێکی گەورەی دەستکردیان بۆ دروست کردبووین لە ناوەراستی ئەم سنوقەدا حەوزێکی تێدا بوو بەینی حەوزەکە و دیواری سنوقەکە بۆش بوو ڕۆژانە کە بەفری مەلکەندیان بۆ دەهێنایین ئەو بەفرەمان دەکردە ئەو بۆشاییەوە و حەوزەکەش ئاوییان تێدەکرد، بەهۆی ئەم بەفرەوە ئاوی ناو حەوزەکە سارد ئەبوو کە راستەوخۆ بەلوعەیەکی لەدیوی دەرەوە پێوە بوو لەوێوە ئاوە ساردەکەمان بەکار دەهێنا چواردەوری حەوزەکەش کە بەفر بوو گۆشتیان لەسەر دادەنا بۆ ئەوەی لە گەرما بیپارێزن، هەروەها ئەم سنوقە لە ژێرەوە چەکمەجەیەکی هەبوو ئەو چەکمەجەیە تەنیا دیواری سنووقەکە جیای دەکردنەوە لێرەدا هەرچی میوە هەبوو دەیانکردە ناوی و لە خراپ بوون دەیانپاراست))[١٠٥]، دواتر لە سالانی نیوەی دووەمی پەنجاکان و شەستەکان گۆرانکاری بەسەر شێوازی سنوقەکە هاتووە کە بەشی دەرەوەی لە تەختە دروستکرابوو ناوەکەی چینکۆ بوو ئەمەش کرابووە دوو بەش بەشێکیان قوڵتر بوو لە بەشەکەی تر ئەو بەشەی قوڵیەکەی کەمتر بوو لە دیوی دەرەوەی سنوقەکە بەلوعەیەکی پێوە بوو کە بۆ ئاو بەکاردەهات بەشە قوڵەکەی بە شێوازی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

قادرمە دروستکرابوو ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە سەهۆڵی تێدەکرا هەموو ئاوی ناو حەوزەکەی تەنیشتی بە یەک سانی سارد دەکرد سەرباری ئەوە لە نێو ئەو سەهۆڵەشدا بابەتەکانی وەک سپیایی و میوە و گۆشتیان تێکردووە[١٠٦] دواتر گۆڕانکاری دیکەی بەسەردا هاتووە، دیوی دەرەوەی سنوقەکە لە بری تەختە بە پلێت دروست دەکرا، بەڵام ناوەکەی هەر چینکۆ بووە دیواری دەرەوەی سنوقەکە ناوەکەی عەزل بوو ئەو کاتە کا و پوشی تێدەکرا بۆ ئەوەی کەمتر گەرمای دەرەوە کاری لێبکات، بە گشتی ئەم سنوقە لە شێوەی مجەمیدەی ئێستا بووە، چونکە بەشی سەرەوەی دەرگایەک بوو وەک هەر مجەمیدەی ئێستا هەڵدەدرایەوە ئەم جۆرە بەڕادانە لە دوکانەکان و ماڵەکاندا بوونیان هەبووە، خەڵکی شارەکە توانای داراییان هێندە باش نەبوو تاکو سەلاجە بکڕن[١٠٧]، سەبارەت بە بەڕادی گەورەی کارەبایش بۆ یەکەمجار لەلایەن دەوڵەتەوە دروست کراوە لەوکاتەدا وەزارەتی کشتوکاڵ بەڕادێکی دروست کرد لە ناوچەی (کەڵەوانان) تەنیشت کارگەی عەلەفی سلێمانی لەسەر ڕێگای تاسلوجە ئەم بەڕادانەش قەبارەیان زۆر گەورە بوو کە گۆشت و مریشکی بەستوویان تێدەکرد، دواتر لە ساڵی ١٩٧٥ سمایل بەگی ساحێب قران بەڕادێکی لای ماڵی حەماغای ئەورەحمان ئاغا دانا کە بە سەلاجە سوورەکە ناسرابوو هەروەها عەلی سوریش لای بەشی سەرەوەی ئۆرزدی دایانبوو[١٠٨] مستەفای حاجی دەروێشیش نزیک پارکی دایکی ئێستا بەڕادی هەبوو ئەم بەڕادانە لەسەرەتادائیسماعیل بەگ سپیایی تیادا دەفرۆشت، بەڵام دواتر تەرخانی کرد بە گۆشتی بەستوو[١٠٩]، مستەفای حاجی دەروێش بەهەمان شێوە سەرەتا گۆشتی بەستووی تیا هەڵدەگرت بەڵام دواتر کە بووە وەکیلی ماستی ئەلبانی حکومی وازی لە گۆشتە بەستووەکە هێنا تەرخانی کرد بۆ بەرهەمی سپیایی ووردە ووردە بەڕادەکان زیادیان کرد تا وای لێهات بەڕادی لۆری زیادی کرد بۆ هێنانی بەرهەمە سپیاییەکان و گۆشت و بەرهەمەکانی دیکە[١١٠].

## باسی شەشەم
## چاڵە بەفرەکان:

پێش ساڵانی شەستەکان و پەیدابوونی سەلاجە دانیشتوانی شاری سلێمانی لە وەرزی هاویندا بۆ ساردککردن و فێنککردنی و پاراستنی خواردن و خواردنەوەکان پشتی بە بەفر بەستووە ئەم بەفرەش سەرچاوەکەی شاخەکانی گۆیژە و ئەزمەڕ پیرەمەگروون بوو لە هەردوو رووی شاخی گۆیژە چاڵە بەفری زۆری لێبوو ئامادەکردنی کردنی ئەم چاڵانە لەلایەن خەڵکی مەڵکەندیەوە بوون و بەشێک بوو لە سەرچاوەی ژیانیان[١١١]، هاوڵاتی عەبدولرەحمان محەمەد ئەمین دەڵێت(( ئێمە ژمارەیەک چاڵمان هەبوو لە گۆیژە و پیرەمەگرون چاڵەکان گەورە و بچووک بوون بەر لەوەی وەرزی زستان بێت چاڵەکانمان پاک دەکردەوە چاڵەکانیش هەر یەکەیان ناویان هەبوو لەوانە( چاڵە سووتاو و چاڵە گەورە )ئەم پیشەیە لە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

کۆنەوە بۆ ئێمە مابوەوە باپیرم زۆر بەم پیشـەیەوە خەریک بوو، بەیانیان زوو لەگەڵ چەند کرێکارێکدا دەچووین جگە لەو بەفرەی کە لە چاڵەکاندا هەبوو لە بەشـی سـەرەوە و چواردەوری چاڵەکەوە بەفریان بە تەپا و تل دەهێنا تا دەمی چاڵەکە زۆر گەورە دەبووئینجا ئەمانکردە ناو چاڵەکە و بە قاچ ئەمان شێلا بۆ ئەوەی جوان بپەسترێتەوە ئینجا کەمێک خوێمان دەکرد بە سـەریدا و لە دوای ئەوەش (پیتا) کە قەبارەی لە (کا)درێژتر بوو دەمانکرد بە سـەریدا ئەگەر نەبوایە (کا)مان دەکرد بە سـەریدا دوای ئەوە بە خۆڵ دامان دەپۆشـی جوان دەمانپەستەوە تا هاوین[112])، ئەوانەی کە خەڵکی مەڵکەندی بوون و ئەم کارەیان دەکرد حەمەنیزام[113] و کوڕانی حاجی کەریم و کوڕانی حاجی بارام و کوڕانی مامە ئەحلام و خلە کۆیی و شێخ وسو چەند کەسێکی دیکە بوون[114] هەروەها ژمارەی چاڵەکانی هەردوو دیوی گۆیژە زۆربوون هەندێک لەوانە (چاڵی مام حاجی و چاڵی خەیاڵ و چاڵی نۆکەن و چاڵی چۆلان و چاڵی دارگوێز و کونە قەل و گورگە ڕێ و چەوتە و هەڵوەلان و خێچکە و میکاییل قوڕاوی و مستەفای حەمە عەزیز) زۆرێکی دیکە بوون[115]، ئەوەی جێی باسە لە سـەرەتای هاویندا کاتێک کەش و هەوای شار بەرەو گەرمی دەچوو ووردە مەڵکەنیەکان دەچوونەوە سەر چاڵەکان بەیانیان تاریک و ڕوون چاڵەکانیان هەڵدەدایەوە پاشماوەکانیان لە لایەک دادەنا بە مشار چەندیان بویستایە بە قاڵبی گەورە دەیانبرد و دەیانکردە جەواڵەوە یاخوود بە پارچە گونیە دەیان پێچایەوە و دەیاننا بەسـەر وڵاخەکانیان، دوای ئەوە جاجمێک یان خەرارێکیان دەدا بەسـەریدا دەیان برد بۆ بازاڕ بە شـەربەت فرۆش و ماستاوفرۆشـەکانی بازاڕی شاری سلێمانی دەیانفرۆشت[116]، هەروەها سـەهۆڵی پیرەمەگرونیش دەهاتە ناو شارەوە هەر وەک بەفری مەڵکەنی، واتە بە وڵاخ، بەڵام ئەو سـەهۆڵە زۆرە نەبوو زوو تەواو دەبوو ئەوەی شایەنی باسە کرمێکی بچووک لە کەژی پیرەمەگروون لە ناو سـەهۆڵەکە پەیدا دەبوو کە بەقەدەر مووەکی بچووک یان زەنگیانەیەک بوو لە شوێنی تایبەت لەلایەن دانیشتوانی گوندە نزیکەکانی نزیک چیاکەوە دەهێنراو هەڵدەگیرا تا هاوین چەند دانەیەك لەو کرمە دەکرایە جامێ ماستاو یان دۆ یان ئاوی سارد دەکرد ئینجا دەخورایەوە[117]، هاوڵاتی محەمەد مەردان دەڵێت)) ئەو کرمە تەنیا لە شاخە سەختەکان هەبوو وەک پیرەمەگروون و قەندیل، چونکە ئەم ناوچانە لە وەرزی زستاندا بە ڕێژەیەکی زۆر بەفریان لێ دەباری سارد و سەخت بوو بە جۆرێک لە هاوینیشدا ئەو بەفری ناو دۆڵ و بەرزاییەکانی شاخەکە کە زۆر نسرم بوو نەدەتوایەوە تا وەرزی زستانی ساڵێکی تر کە جارێکی تر بەفری لێ دەباریەوە بەمەش بەفرێکی زۆر لەسـەر یەک کەڵەکە دەبوو بۆ چەندین ساڵ نەدەتوایەوە لە ئەنجامی ئەمەدا ئەو جۆرە کرمە دروست دەبوو کە سـەهۆڵەکە خۆی بەرهەمی دەهێنا بۆیە خەڵکی دێهاتەکانی دەوروبەر بە تایبەت بۆ ئەو کرمە دەچوون و لەگەڵ هەڵدانەوەی بەفرە کەڵەکەبووەکانی سەر یەک و لێدانی تیشکی خۆر لەو کرمانە کۆیان دەکردەوە دواتر بە دەسکەوان ووردیان دەکرد یان هەر بە ساغی لە

شوێنێکی ووشک و فێنک لە ناو تەنەکە یان تورەکەی خام یا کوپەدا هەڵیان ئەگرت بۆ هاوین ئینجا بۆ ساردکردنەوەی دۆ و ماستاو بەکاریان دەهێنا[(118)]، هەروەها محەمەد ساڵح ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە گوندی داوداوێ و ساوان کە ئەکەونە نێوان سنووری قەڵادزێ و سەردەشتەوە لە ماڵێک میوان بووە خەڵکی گوندەکە نەریتیان وابووە کە میوانێک دەچووە ماڵیان یەکسەر لە جیاتی ئاو ماستاو یان دۆیان بۆ دەهێنا ئەویش هەروەک میوانەکان کاشیەک دۆیان بە کەوچکێکەوە خستۆتە بەر دەمی و فەرموویان لێ کردوە کەوچکێکی لێ خواردوە پاش کەمێک یەکێکیان ها توەو مشتێک لەو کرمەی بە نەهاڕاوی کردۆتە کاشیە دۆکەوە زۆری نەبردوە تواوەتەوەە ئەویش پرسیوەیەتی ئەوە چیبوو لەوەڵامدا ووتویانە کرمی قەندیلە، ئینجا جارێکی دیکە فەرموویان لێ کردۆتەوەە ئەویش ئامادە نەبووە بیخواتەوە دواتر داویانەتە قاقای پێکەنین و ووتویانە خەمت نەبێ پیس نیە ئەمە لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی بەفری شاخی قەندیل دروست ئەبێ بەفرەکە خۆی دروستی دەکات دوای ئەوەی ئەوان خواردییانەوە ئەویش جارێکی دیکە لە دۆکەی خواردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ جاری یەکەم زۆر جیاواز بووە هێندەی سارد کردبوو وەک تەرزەی لێ کردبوو[119]، ئەم ڕێگایە بەردەوام بووە تا پەیدابوونی سەهۆڵ و دانانی کارگەی سەهۆڵ لە شاری سلێمانی ئەمەش لە سەرەتای شەستەکانەوە وورده وورده جێی بە بەفری شاخەکان لێژکرد و خەڵک زیاتر پشتی بە سەهۆڵی کارگەکان دەبەست بۆ پێداویستی ڕۆژانە، چونکە پێیان وابوو سەهۆڵەکە پاکتر و گونجاوترە بۆ ساردکردنی ئاو و شەربەت و ماستا و ئەوانی دیکە[120].

لە ئەنجامی ئەم باسانە گەشتینە ئەو ڕاستیەی کە دانیشتوانی شاری سلێمانی توانیویانە بە پێی وەرزەکانی ساڵ و ساردی و گەرمی ئاو و هەوا هەروەک چۆن ماڵ و پۆشاکی بەریان ڕێکدەخەن ئاواش سیستەمی خۆراکیان ڕێکخستووە، چونکە لە وەرزی سەرما و سۆڵەی زستاندا پێویستیان بە خۆ گەرمکردنەوە و ئەو خواردنانە هەبووە کە شلەمەنی و ووزە بەخشێکی باش بوون بۆ جەستەیان بێ گومان بۆ ئەمانەش بیریان لە هەڵگرتن و گەنجینەکردنی میوەکان و سەوزەکان و ....هتد کردۆتەوە کە لە وەرزەکانی دیکە بە تایبەت وەرزی زستان بەر دەست نەبوون، سەرباری ئەوەش پلان و ڕەنگڕێژی ووردیان داناوە تا ئەو خواردنانە لە تێکچوون بپارێزن ئەویش لە ڕێگای دابینکردنی شێوازی گونجاو بۆ هەڵگرتنیان لە نێو مادەی شیاو پارێزگاری لێکردنیان لە مێروو مشک و هەر جانەوەرێکی دیکە کە ببێتە مایەی خراپ بوون و پیسبوونی ئەم خۆراکانە بێ گومان ئەمەش ساڵ بە ساڵ و بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی هۆشیاری دانیشتوانی شارەکەو داهێنانی نوێ گۆڕانکاری لەشێوازی گەنجینە کردن و پارێزگاری کردنی خواردەمەنیەکاندا زیادی کردوە هەروەك چۆن گۆڕانکاری لەشێوازی ئامادەکردن و لێنانی چێشت و شلەکاندا ئەنجام دراوەو ماددەی نوێ و جۆراوجۆری بۆزیاد کراوە مەبەستیش لەم گەنجینە کردنە تەنها بۆئەوە بووە

کەئەوخواردنانە بەتایبەتی سەوزەواتەکان و میوەجاتەکان بەتەڕی و تازەیی بمێننەوە .

**ئەنجام :**

لەدوو توێی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١.گەنجینە کردن دیاردەیەکی گرینگی هەڵگرتنی خواردن و دانەوێڵە و سەوزەکان بووە لە سەدەی بیستەم لە شاری سلێمانی.

٢.گەنجینە کردن شێواز و سەلیقە و لێزانینی تایبەتی پێویست بووە، بۆ هەر بەروبوومێکی خۆراکی جۆرێک لە گەنجینە کردن و شێوازی هەڵگرتن هەبووە.

٣. لە ئەنجامی ئەم باسانە گەشتینە ئەو ڕاستیەی کە دانیشتوانی شاری سلێمانی توانیویانە بە پێی وەرزەکانی ساڵ و ساردی و گەرمی ئاو و هەوا هەروەک چۆن ماڵ و پۆشاکی بەریان ڕێکدەخەن ئاواش سیستەمی خۆراکیان ڕێکخستووە،

٤.هەموو جۆرە گەنجینەکردنێک لەشاری سلێمانیدا هەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئامێری پێوستی ساردەکەرەو و گەرمکەرەوە نەبووە، بەڵام دەبینین هەموو جۆرە خواردن و بەروبوومێک لە وەرزە جیاوازەکان بەهۆی گەنجینەکردنەوە بوونی هەبووە.

٥.گەنجینەکردن و پرسی کشتوکاڵ و لێکۆڵینەوە لە دیاردە شارستانی و کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ بە ئەزموون و پێویستی فێریان دەبێت، هەربۆیە بە گوێرەی سەردەمەکان و شوێنەکان گۆڕاوە و هەر ناوچەیەک شێوازێکی خۆی هەبووە، شاری سلێمانیش شێوازی گەنجینەکردنی خۆی هەبووە، بەڵام ناتوانین سەردەمێک یان کاتێکی دیاریکراو بۆ دەستپێکردنی ئەم دیاردەیە دابنێین.

٦.وەرزەکانی ساڵ کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر دیاردە و شێوازی گەنجینەکردن، هەتاوەکوو ئەوکاتەی بەفرگر و ساردکەرەوەی گەورە دروست بوو، هەر ماڵەکان بووبوونە گەنجینە و شوێنی هەڵگرتنی خواردن و کەرەسە پێویستەکان لە خواردن و خواردنەوە.

---

[١] زەند-وەشتی، کەریم-نوری، ٢٠٠٠، (سلێمانی و شارەوانییەکەی)، *گۆڤاری سلێمانی*،ژ٣،لا١٧.

[٢] کەریم، توانا ڕەشید، ٢٠١٠، *سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)*،چ١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، لا٩.

[٣] مستەفا، سۆران محەمەد، (٢٠٠٠کورتە باسێك لەسەر مێژووی نەخشەی بنەڕەتی شاری سلێمانی)، *گۆڤاری سلێمانی*، ژ،٤، لا١١.

[٤] مامە عەزە، گوڵاڵە،٢٠٠٢،( ژیانی سادەی شار لە کۆندا..... سەرما و سۆڵەی زستان)، *گۆڤاری سلێمانی*،چ.١٩، لا٣٩.

[٥] محەمەد، هیوا عومەر، ٢٠٠١، (شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی بیستەکاندا)، *گۆڤاری سلێمانی*، ژ١٦، لا٤١.

[٦] مستەفا، ٢٠٠٠، لا١١.

[٧] کەریم، ٢٠١٠ لا٩.

[٨] چاوپێکەوتنی لەگەڵ(تەها مەحموود مجەمەد قادر)، سلێمانی، ١٢-٦-٢٠٢٥.

[9] چاوپێکەوتنی لەگەڵ(مستەفا عەبدوڵا عەبدولرەحمان)، سلێمانی، ١١-٦-٢٠٢٥.
*بەلەك:گیایەكی باڵابەرزی بۆن خۆشە و ڕەگەکەی زۆر بە ناخی زەویدا دەڕواتە خوارەوە، لە دروستکردنی بیبسیدا سودی لێوەردەگیرێت، چونکە ئاوێکی شیرینی هەیە، القاضی، حسیب عبدالقادر، ٢٠١٢،*مێرگ*، چ٦ ، سلێمانی چاپخانەی ئاران،لا٥٥١
*قەڕەم (زەل):جۆرە گیایەکی ئاوی و بڵندو سێ کوزە لە ناو قورو گۆێ ئاوان سەوز دەبێت، موکریانی،گیوی ،١٩٩٩،*فەرهەنگی کوردستان*، چ١ ، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، لا٥٢٤

[10] چاوپێکەوتنی لەگەڵ(عومەر عەلی قادر)، سلێمانی،١٤-٦-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کامەران ئەحمەد مەحموود)،سلێمانی، ١٤-٦-٢٠٢٥.
[11] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد)،سلێمانی، ١٢-٦-٢٠٢٥.
[12] حسێن،محەمەد ئەمین ١٩٩٤، *سەلیقەی کوردەواری* ،چ ١، سوێد، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵگەی کوردی - کوردستان ،لا٥٩.چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی، ١٢-٦-٢٠٢٥.
[13] حسێن,١٩٩٤,لا٥٩
*کەنوو:لەشێوەی بەرمیلێکی گەورەیەو لە قوڕی سور دروست دەکرێت دانەوێڵەو میوەجاتی ووشککراوەی تێدەکرێت ،لە قامیشی تەڵەزم تەڵەزم کراویش دروست دەکرێت و بەقوڕ سواغ دەدرێت. بێخاڵی ، مەولود١٩٨٦، بەرهەمی کوردەواری ،چاپی یەکەم،بەغداد:چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، لا٧٧
[14] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)،سلێمانی، ١١-٥-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شەمسە کاکە برا کاکە وەیس)، سلێمانی، ١٨-٦-٢٠٢٥.
[15] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك جەمیل سائیب)،سلێمانی،٢٤-٥-٢٠٢٥.
[16] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[17] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(مستەفا عەبدوڵا عبدولڕەحمان)،سلێمانی، ١١-٦-٢٠٢٥.
[18] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی، ١٢-٦-٢٠٢٥.
[19] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك جەمیل سائیب)، سلێمانی، ٢٤-٥-٢٠٢٥.
[20] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)،سلێمانی. ١١-٥-٢٠٢٥.
[21] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی،١٢-٦-٢٠٢٥.
[22] کەندی،عەلی، ٢٠١٤،*کولتوری لادێ*،چ١، هەولێر:چاپخانەی حاجی هاشم لا٢١٤.
[23] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی، ١٢-٦-٢٠٢٥.
[24] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفور)، سلێمانی،٨-٥-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[25] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(لەتیف بۆلس إستفان)، سلێمانی،٥-١-٢٠٢٥.
[26] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك جەمیل سائیب)، سلێمانی،٢٤-٥-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.
[27] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین)، سلێمانی،٢٠-٤-٢٠٢٥.
[28] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)،سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥
[29] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(محەمەد مەردان مەجید)، سلێمانی،١٨-٣-٢٠٢٥
[30] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئیبراهیم سەلیم حەمەئەمین)،سلێمانی،١٤-٦-٢٠٢٥.
[31] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥
[32] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفوور)، سلێمانی،٩-٥-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.
[33] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[34] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(مستەفا عەبدوڵا عەبدولرەحمان)، سلێمانی،١١-٦-٢٠٢٥.
[35] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا) سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.

[٣٦] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی،١٢-٦-٢٠٢٥. چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.

[٣٧] بەرزنجی،محەمەد باقی سەعید، ٢٠٢٤ *گوزەرانی دانیشتوانی شاری سلێمانی لەپێش ساڵانی (١٩٤٠) تا نزیک پەنجاكانی سەدەی ڕابووردوو*،چ١، سلێمانی :چاپخانەی كارۆ ، لا٢٩١. چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.

[٣٨] بەرزنجی، ٢٠٢٤، لا٢٩١.

[٣٩] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(كامەران ئەحمەد مەحموود)، سلێمانی،١٤-٦-٢٠٢٥.

*بەڵم:لق و پۆپی برنجە لەپاش كوتان و جیاكردنەوەی چەڵتوكەكە لێی، چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحمود محەمەد قادر)، سلێمانی،١٢-٦-٢٠٢٥

*تەپكە:سەلەیەكە وەكوو سینی وایە نان و چێشتی لەسەر دادەنرێت لە شوڵ دروست دەكرێت ، موكریانی،گیوی ،١٩٩٩ *فەرهەنگی كوردستان*، چ١ ، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس،لا٢٣٩

[٤٠] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(فەرهاد تاهر حەمەساڵح)، سلێمانی،١٨-٦-٢٠٢٥.

[٤١] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفور)، سلێمانی، ٨-٥-٢٠٢٥.

[٤٢] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.

[٤٣] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی،١٢-٦-٢٠٢٥. چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك جەمیل سائیب)، سلێمانی،٢٤-٥-٢٠٢٥.

[٤٤] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥

*قولینە: دەفرێكی شەڵینی قوڵی دەم واڵە.خاڵ،شێخ محەمەد،٢٠٠٥،فەرهەنگی خاڵ،چ٢،هەولێر:چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لا٤٠٢

[٤٥] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی،١٢-٦-٢٠٢٥. چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(كامەران ئەحمەد مەحموود)، سلێمانی،١٤-٦-٢٠٢٥.

[٤٦] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی،١٢-٦-٢٠٢٥.

[٤٧] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.

[٤٨] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.

[٤٩] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد فەتحوڵا إسماعیل ناسراو بە ئەحمەدی عەتار ساڵی ١٩٦٩ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە و پەیمانگای زانستی كیمیاسازی تەواوكردووە لە ئێستادا پیشەی فرۆشتنی بەهاراتە لە حەوزە ووشكەكە لە دوكانی حاجی عارفی عەتار ناسراو بە حاجی عارفی بروونتی)، سلێمانی،٣١-٥-٢٠٢٥

[٥٠] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.

[٥١] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(زانا تەیب سەعید ناسراو بە زانای حاجی تەیبی عەتار ساڵی ١٩٨٠ لە گەڕەكی مەجید بەگ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە دەرچووی كۆلێجی كارگێری و ئابووریە لە زانكۆی سلێمانی لە ئێستادا پیشەی فرۆشتنی بەهاراتە لە بازاڕی حەوزە ووشكەكە)، سلێمانی،٣١-٥-٢٠٢٥.

[٥٢] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(بورهان ئیبراهیم عەتار)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.

[٥٣] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(زانا تەیب سەعید)، سلێمانی،٣١-٥-٢٠٢٥.

[٥٤] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفور)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك جەمیل سائیب)، سلێمانی،٢٤-٥-٢٠٢٥.

[٥٥] جەمال، ڕێبوار، ٢٠٠٦، *هەندێك میوە و خواردنی فۆلكلۆری (ناوچەی پشدەر)*، چ١، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،لا٤٦.

[٥٦] حسێن،١٩٩٤، لا٨٦-٨٧.

*مشتاغ:ئەو جێگایەیە بەكاردەهێنرێت بۆ ومێووژ كردن و دۆشاو كوڵاندن و باسوق و سجوق دروستكردن ، هاوار ، موحەممەد ڕەسووڵ، ١٩٩٧،چ ١، *دیوانی پیرەمێرد*، سنە، چاپخانەی كانی كتێب ،لا٢٨٢

[٥٧] جەمال، ٢٠٠٦، لا٤٧.

[٥٨] حسێن،١٩٩٤،لا٨٧.

[٥٩] جەمال، ٢٠٠٦،لا٥١-٥٢.

*هەمبانە :پێستی بزن ومەڕی كوژراوەیە ، بەڵام پێستەكە بەساغی ماوەتەوەو هەڵنەدڕاوە بەڵكو لەدوای كوشتنی بزنەكە یان مەڕەكە پێستەكە غاراوەو گۆشتەكەی لێدەرهێنراوە . بێخاڵی ،١٩٨٦،لا٧٧



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

[٦٠] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[٦١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئیبراهیم سەلیم حەمەئەمین)، سلێمانی،١٤-٦-٢٠٢٥.
[٦٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(محەمەد مەردان مەجید)،سلێمانی،١٨-٣-٢٠٢٥
[٦٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئیبراهیم سەلیم حەمەئەمین)، سلێمانی،١٤-٦-٢٠٢٥
[٦٤] هاوار ، ١٩٩٧،ل٢٨٢
[٦٥] کەریم ، غەفور، *یادگاری و عیبرەت*، دەستنووس
[٦٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(محەمەد مەردان مەجید) سلێمانی،١٨-٣-٢٠٢٥.
[٦٧] هاوار، ١٩٩٧ ، ل٢٨
[٦٨] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[٦٩] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.
[٧٠] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك جەمیل سائیب)، سلێمانی،٢٤-٥-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥
[٧١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئیبراهیم سەلیم حەمەئەمین)، سلێمانی،١٤-٦-٢٠٢٥.
[٧٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفور)، سلێمانی،٨-٥-٢٠٢٥.
[٧٣] بەرزنجی، ٢٠٢٤،ل٢٩.
[٧٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئیبراهیم سەلیم حەمەئەمین)، سلێمانی،١٤-٦-.٢٠٢٥
[٧٥] جەمال، ٢٠٠٦، ل٦٣.
[٧٦] حسێن، ١٩٩٤،ل٩٤.
[٧٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی،١٢-٦-٢٠٢٥
[٧٨] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك جەمیل سائیب)، سلێمانی،٢٤ـــ٥-٢٠٢٥.
[٧٩] جەمال، ٢٠٠٦،ل٧٠
[٨٠] هەمان سەرچاوە.
[٨١] بەرزنجی، ٢٠٢٤، ل٢٩١.
[٨٢] جەمال، ٢٠٠٦، ل٧١.
[٨٣] حسێن، ١٩٩٤،ل٨٩. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[٨٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[٨٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.
[٨٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(وەهاب ئەحمەد ڕەسوڵ)، سلێمانی،٢٥-٥-٢٠٢٥.
[٨٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.
[٨٨] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(حافیزە کاکە حەمەئەمین عەتار)، سلێمانی،١٥-٤-٢٠٢٥.
[٨٩] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفوور)، سلێمانی،٨-٥-٢٠٢٥.
[٩٠] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.
[٩١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(وەهاب ئەحمەد ڕەەسوڵ)، سلێمانی،٢٥-٥-٢٠٢٥
[٩٢] هەمان سەرچاوە .
[٩٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفوور)، سلێمانی،٨-٥-٢٠٢٥.
[٩٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(وەهاب ئەحمەد ڕەسووڵ)، سلێمانی،٢٥-٥-٢٠٢٥.
[٩٥] پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ( ئاوات حەمە ئەمین سلۆ)، سلێمانی،مەسنجەر، ١-٧-٢٠٢٥.
[٩٦] مستەفا، ٢٠١٩، ل٢٥٦-٢٥٧. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.
[٩٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(دەوەن مەعروف قادر)، سلێمانی،٤-٢-٢٠٢٥.
[٩٨] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(لەتیف بوڵس استفان)، سلێمانی،٥-١-٢٠٢٥.
[٩٩] سەید قار ، شاهۆ عوسمان، ٢٠٢٥ *دەوڵەتی ئیسرائیل چۆن بونیات نرا؟*، سلێمانی: چاپخانەی بینایی ،ل٤٦
[١٠٠] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناک فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[١٠١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفور)، سلێمانی،٨-٥-٢٠٢٥.
[١٠٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناک جەمیل سائیب)، سلێمانی،٢٤-٥-٢٠٢٥.

[١٠٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفوور)، سلێمانی،٨-٥-٢٠٢٥.
[١٠٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(شەمسە کاکەبرا وەیس)، سلێمانی،١٨-٦-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی،١٢-٦-٢٠٢٥.
[١٠٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناک جەمیل ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[١٠٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەرویش غەفوور)، سلێمانی،٨-٥-٢٠٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناک فەرەج ئاغا)سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
[١٠٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(سەلاح محەمەد عەزیز)سلێمانی،١٤-٦-٢٠٢٥
[١٠٨] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفوور)، سلێمانی،٨-٥-٢٠٢٥
[١٠٩] پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ(ئاوات حەمە ئەمین سلۆ)، سلێمانی، مەسنجەر، ١-٧-٢٠٢٥.
[١١٠] پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ( خەسرەو مستەفا دەروێش مەحموود)، سلێمانی، مەسنجەر، ٢٤-٦-٢٠٢٥.
[١١١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەلال دەروێش غەفور)،سلێمانی،٨-٥-٢٠٢٥.
[١١٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(عەبدولرەحمان محەمەد ئەمین غەفوور لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە لە گەڕەکی چوارباخ یەکێک لە پیشە سەرەکیەکانی بنەماڵەکەیان کۆکردنەوە و هەڵگرتنی بەفر بووە لە شاخی گۆیژە و ئەزمەڕ لە ئێستادا خەریکی ئامادەکردنی ترشیاتە لە شاری سلێمانی لە ئەسحابە سپی )،سلێمانی،٢٥-٥-٢٠٢٥.
[١١٣] حسێن، ئەحمەد، حەمەنیزم.... (سەدەیەک لە تەمەنی بەتام و بێ تام)، گۆڤاری سلێمانی، ژ١٥٢، ٢٠١٤، ل١٣.
[١١٤] بابان، جەمال،٢٠١٢، *سلێمانی شارە گەشاوەکەم*، ب٣، چ٢، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، ل ٢٣٨-٢٣٩.
[١١٥] عەلی، سەید تالب، ٢٠١٨، (چاڵە بەفرەکانی شاخی گۆیژە)، *گۆڤاری سلێمانی*،ژ١٨٧، ل٣٥. مەحموود، جەلال، ٢٠٠١، چاڵە بەفرەکانی گۆیژە، گۆڤاری سلێمانی، ژ١٦، ل١٩.
[١١٦] نێروانی، حەمە ڕەحیم ڕەمەزان، ٢٠١٧، (مەڵکەندییەکان خاوەنی کانە بەردەکانی گردە گروێ و چاڵە بەفرەکانی سەرشاخی گۆیژە بوون)،*گۆڤاری سلێمانی*، ژ١٨٤، ل٨. عەلی، ٢٠١٨، ل٣٥.
[١١٧] بابان، ٢٠١٢، ب٣، ل٢٣٩
[١١٨] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(محەمەد مەردان مەجید)، سلێمانی،١٨-٣-٢٠٢٥

[١١٩] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ( محەمەد صاڵح مەولود)، سلێمانی ١١-٤-٢٠٢٤
[١٢٠] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(محەمەد مەردان مەجید)، سلێمانی،١٨-٣-٢٠٢٥

سەرچاوەکان


١. زەند-وەشتی، کەریم-نوری، ٢٠٠٠، (سلێمانی و شارەوانییەکەی)، *گۆڤاری سلێمانی*،ژ٣،لا١٧.
٢. کەریم، توانا ڕەشید، ٢٠١٠، *سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)*،چ١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، لا٩.
٣. مستەفا، سۆران محەمەد، (٢٠٠٠کورتە باسێك لەسەر مێژووی نەخشەی بنەڕەتی شاری سلێمانی)، *گۆڤاری سلێمانی*، ژ٤، لا١١.
٤. مامە عەزە، گولاڵە،٢٠٠٢،( ژیانی سادەی شار لە کۆندا..... سەرما و سۆڵەی زستان)، *گۆڤاری سلێمانی*،چ.١٩، لا٣٩.
٥. محەمەد، هیوا عومەر، ٢٠٠١، (شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی بیستەکاندا)، *گۆڤاری سلێمانی*، ژ١٦، لا٤١.
٦. کەندی،عەلی، ٢٠١٤،*کولتوری لادێ*،چ١، هەولێر:چاپخانەی حاجی هاشم لا٢١٤.
٧. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(تەها مەحموود محەمەد قادر)، سلێمانی، ١٢-٦-٢٠٢٥.
٨. محەمەد باقی سەعید، ٢٠٢٤ *گوزەرانی دانیشتوانی شاری سلێمانی لەپێش ساڵانی (١٩٤٠) تا نزیک پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو*،چ١، سلێمانی :چاپخانەی کارۆ ،
٩. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(زانا تەیب سەعید ناسراو بە زانای حاجی تەیی عەتار سائی ١٩٨٠ لە گەڕەکی مەجید بەگ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە دەرچووی کۆلێجی کارگێڕی و ئابووریە لە زانکۆی سلێمانی لە ئێستادا پیشەی فرۆشتنی بەهاراتە لە بازاڕی حەوزە ووشکەکە)، سلێمانی،٣١-٥-٢٠٢٥.
١٠.جەمال، ڕێبوار، ٢٠٠٦، *هەندێك میوە و خواردنی فۆلکلۆری (ناوچەی پشدەر)*، چ١، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،لا٤٦.
١١.حسێن، ١٩٩٤،لا٨٩. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕووناك فەرەج ئاغا)، سلێمانی،١١-٥-٢٠٢٥.
12.مستەفا، ٢٠١٩، لا٢٥٦-٢٥٧. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر سلێمان مەحموود عارف)، سلێمانی،١-٦-٢٠٢٥.
13.سەید قار ، شاهۆ عوسمان، ٢٠٢٥ ،*دەوڵەتی ئیسرائیل چۆن بونیات نرا؟* ، سلێمانی: چاپخانەی بینایی
14.حسێن، ئەحمەد، حەمەنیزم.... (سەدەیەک لە تەمەنی بەتام و بێ تام)، گۆڤاری سلێمانی، ژ١٥٢، ٢٠١٤
15.بابان، جەمال،٢٠١٢، *سلێمانی شارە گەشاوەکەم*، ب٣، چ٢، هەولێر، چاپخانەی ئاراس
16.عەلی، سەید تالب، ٢٠١٨، (چاڵە بەفرەکانی شاخی گۆیژە)، *گۆڤاری سلێمانی*،ژ١٨٧، لا٣٥. مەحموود، جەلال، ٢٠٠١، چاڵە بەفرەکانی گۆیژە، گۆڤاری سلێمانی، ژ١٦
17.نێروانی، حەمە ڕەحیم ڕەمەزان، ٢٠١٧، (مەڵکەندییەکان خاوەنی کانە بەردەکانی گردە گروێ و چاڵە بەفرەکانی سەرشاخی گۆیژە بوون)، *گۆڤاری سلێمانی*، ژ١٨٤، لا٨. عەلی، ٢٠١٨




مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

sources

.1Zand-Washti, Karim-Nuri, 2000, (Sulaimani and its municipality), Sulaimani Magazine, No. 3, p.

.2Karim, Tawana Rashid, 2010, Sulaimani between the years (1945-1958), vol. 1, Andesha Printing House, Sulaimani, p.

.3Mustafa, Soran Mohammed, (2000: A brief discussion on the history of the basic map of Sulaimani), Sulaimani Magazine, No. 4, p.

.4Mama Aza, Gulala, 2002, (Simple life of the city in the past..... Cold and winter cold), Sulaimani Magazine, Vol.19, p.

.5Mohammed, Hiwa Omar, 2001, (Sulaimani City in the 1920s), Sulaimani Magazine, No. 16, p.

.6Kandy, Ali, 2014, Rural Culture, Vol. 1, Erbil: Haji Hashim Printing House, p.

.7Researcher interview with (Taha Mahmood Mohammed Qadir), Sulaimani, 12-6-2

.8Mohammed Baqi Saeed, 2024 Livelihood of the inhabitants of Sulaimani before the 1940s until the fifties of the last century, vol. 1, Sulaimani: Karo Printing House,

.9Researcher's interview with Zana Taib Saeed, also known as Haji Taib Attar, was born in 1980 in Majid Beg neighborhood of Sulaimani. He graduated from the College of Management and Economics at Sulaimani University Dry), Sulaimani, 31-5-2

.10Jamal, Rebwar, 2006, Some Fruits and Folk Foods (Pishdar Region), Vol. 1, Erbil, Ministry of Education Printing House, p.

.11Hussein, 1994, p. Interview with (Ronak Faraj Agha), Sulaimani, 11-5-2

.12Mustafa, 2019, pp. 256-2 Interview with (Qader Sulaiman Mahmood Arif), Sulaimani, 1-6-2

.13Sayed Qar, Shaho Osman, 2025, How was the State of Israel Built?, Sulaimani: Binayi Printing House

.14Hussein, Ahmad, Hammenism.... (A Century of Tasteless and Tasteless Age), Sulaimani Magazine, No. 152,

.15Baban, Jamal, 2012, Sulaimani Share Gashawakam, B3, Ch2, Erbil, Aras Printing House

.16Ali, Sayed Talib, 2018, (Snow Pits of Goyzha Mountain), Sulaimani Magazine, No. 187, p. Mahmood, Jalal, 2001, Snow Pits of Goyzha, Sulaimani Magazine, No

.17Nerwani, Hama Rahim Ramazan, 2017, (The Malkandis owned the stone mines of Garda Grue and the snow pits of Sarshakhi Goyzha), Sulaimani Magazine, No. 184, p. Ali, 2018